# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ٤٥٠ – مانگی جۆزەردان ١٤٠٣– ژوئێنی ٢٠٢٤


## سەروتار

### شۆڕشی ژینا و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە. ٤٥ ساڵ لەمەوبەر بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا دانرا کە کۆمەڵگای ئێران لە بەردەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی مێژوویيدا بوو. لە لایەکەوە کۆمەلانی خەلک کە بە شۆڕشێکی جەماوەریی لە دەسەلاتی دیکتاتۆری پاشایەتی ڕزگاریان ببوو، دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا تا هەناسەیەک بە ئازادیی هەڵبکێشن و لە لایەکی دیکەشەوە ترس لە زاڵبوونی ڕژێمێکی لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرست و دوژمنی ئازادی کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات، کۆمەڵگەی ئێرانی داگرتبوو. لە وەها بارودۆخێک دا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە وەلام دانەوە بە ویستی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا هاتە سەر گۆڕەپانی سیاسی و نیزامی کوردستانەوە چارەنووسی خەڵکی کوردستان دامەزرا. ئەم هێزە بە درێژایی تەمەنی لە خزمەت هەژاران و چەوساوەکان، دژ بە زاڵم و زۆردار و سەرکوتگەر و داگیرکەربووە. سەنگەری داکۆکی لە بەرابەری ژن و پیاو و پاڵپشتی بەهێزی ژنان بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانیان بووە. لایەنگری ئازادی بێ شەرت ومەرجی سیاسی و خۆڕێکخستنی جەماوەر بووە و لە بەرانبەر هێزی داگیرکەردا جەسوور و کۆڵنەدەر بووە. ئەو هێزە لە درێژەی خەباتی خۆیدا گەلێک دیاردەی نوێی هێنایە نێو خەباتی چەکداری لە کوردستان و ناوچەکە. ئەم هێزە تۆوی بیری ئازادیخوازی و یەکسانی و ئاواتی جیهانێکی باشتری لە ناو دڵی زەحمەتکێشانی کو ر د و ستا ند ا گەشاندۆتەوە


هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی پاش ڕاپەرینی ٥٧ ، بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە ، بۆ دیفاع لە ئازادی و سۆسیالیسم، بۆ دیفاع لە بەرابە ی ژن و پیاو و بۆ دیفاع لە مافی دیاریکردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە شانازییەوە دەتوانێ نیشانی بدات کە لە ماوەی ژیانی خەباتکارانەی دا لە پاڵ خەباتی شێلگیر و پڕ لە گیانبازیدا هێزێکی وشیاریدەر، داکۆکیکاری ئازادییە سیاسی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەکێشی کوردوستان بووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەر شوێنێکی جێ هێشتوە، تێیدا

درێژە لە لاپەڕەی ٢




**ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

ل ٢



**گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنێکی موهەندیسی کراو بۆ دانانی سەرۆک کۆمارێکی نوێ،**

ل ٤




**بە بایکۆتکردنی چالاکانە، هەڵبژاردنی موهەندیسی کراوی حکوومەت، بکەین بە خاڵی لاوازی ڕژیم**

ل ٥




**گرفت لە بێتوانایی سیستەمی سەرمایەدارییە، نەک کۆمەڵگەی بەساڵاچوو**

ل ٦



**ئاڵوگۆڕی زیندانیان، یان سات و سەودای قێزەونی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سوئێد؟**

ل ٧



**بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، درکی چاوی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا**

ل ٧

**لەناوبردنی بە ئەنقەستی ژینگەی کوردستان** ل ٨

**ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەگوزەرێت، چارەنووسی چارەهەڵنەگری منداڵان نییە** ل ٩

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٥٠ - مانگی جۆزەردان ١٤٠٣- ژوئێنی ٢٠٢٤

## درێژە ی سەروتار




کار و چالاکی بەدەوامی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، بەستێنی چندین حەرەکەتی جەماوەری لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوو. ئالاّی بزوتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستانی شکاوە ڕاگرت و ڕێگەی نەدا لە هەوراز و نشێوەکانی ئەو بزوتنەوەیە دا ورەی جەماوەری خەڵک دابەزێت. لە درێژەی ئەو بزوتنەوەدایە کە کوردوستانی خۆڕاگر دەبێ بە مەکۆی شۆڕشی ژینا

ئەمرۆ لە کاتێکدا کە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە شکڵ و شێوەی غەیرە پێشمەرگانە و جەماوەریدا درێژەی هەیە و کوردستان لە هەموو کات زیاتر تینووی ئازادی و بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیەتی، چلۆنایەتی هەڵسووکەوتی هێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی « ژینا»دا و خزمەتکردن بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری گرینگ ترین ئەرک و ئەولەویەتی ئەم هێزەیە

ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، هاوکات ڕۆژی گیانبەختکردنی هاوڕێ سەعید موعینی (کاک خانە) یەکەمین پێشمەرگە و یەکەمین گیانبەختکردووی کۆمەڵەیە. کاک خانە لە سیما ناسراو و خۆڕاگرەکانی زیندان و ئەشکەنجەگاکانی دیکتاتۆڕی پاشایەتی و ساواکە کە ١٨مانگ لە زیندانی تاکەکەسیدا ڕاگیرا، ئەشکەنجە درا، بەڵام هیچ کات لێوی نهێنی پارێزی نەکردەوە و تەشکیلات و هاوڕێکانی پاراست و سەربەرزانە لە زیندان هاتەدەرەوە. لە ساڵیادی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا سڵاو دەنێرین بۆ یادی کاک خانە و و زیاتر لە ٢٦٠٠ گیانبەختکردووی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە ماوەی ٤٥ساڵی ڕابردوودا لە خەباتی پێشمەرگانە، لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەی فاشیستەکان و لە خەباتی جەماوەریدا گیانی ئازیزیان بەختکرد. سڵاو دەنێرین بۆ یادی ئازیزی ٦٠٠ گیان بەختکردووی شۆڕشی « ژن، ژیان، ئازادی» کە بە گیان فیدایی خۆیان کۆمەڵگای ئێرانیان یەک هەنگاوی گەورە بەرەو سەرکەوتن برد

**پیرۆز بێت ٣١ی جۆزەردان**
**ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە**

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

بەمجۆرە بە ئاگاداریتان دەگەیەنین کە پلینۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٨ لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، ١٢ و ١٣ی جۆزەردانی ١٤٠٣ بەرامبەر بە یەکەم و دووەمی ژوئێنی ٢٠٢٤، بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کاتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزب، بەڕێوە چوو

پلینۆم بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی هاوڕێیانی دامەزرێنەری کۆمەڵە، یەدێ بیگلەری و محەممەد حسێن مورادبەیگی، کە لە نێوان دوو پلینۆم دا ماڵئاواییان لە ژیان کرد و هەروەها سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیزم، کاری خۆی دەستپێکرد. دەستوور جەلەسەکانی ئەم پلینۆمە بریتی بوون لە

ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ڕێبەریی بە پلینۆم، بابەتەکانی پەیوەست بە بەستنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دابەشکردنی ئەرکە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕاپۆرتە سیاسییەکە چاوخشاندنێک بە گرینگترین پێشهاتەکانی ناوچەکە و ڕەوتە سەرەکییەکانی دۆخی سیاسی ئێران و بارودۆخی سیاسی کوردستان و هەروەها ئەولەویەتەکانی ئەم قۆناغەی ئێمەی لە کوردستان، لەخۆ گرتبوو

لە چوارچێوەی بارودۆخی ناوچەکەدا، ڕاپۆرتەکە تیشکی خستە سەر دوو پرسی شەڕی غەززە و شەڕی دەوڵەتی تورکیا لەدژی خەڵکی کوردستانی سوریا (ڕۆژئاوا). لە شەڕی غەززەدا دەوڵەتی ئیسرائیل سەرەڕای ٨ مانگ هێرشی دڕندانە بۆ سەر غەززە و کۆمەڵکوژی ئاشکرای خەڵکی فەلەستین، نەیتوانیوە ئامانجە سەربازییەکانی خۆی بەدەست بێنێت. لە هەمان کاتدا ئەم ڕژیمە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر کەوتووەتە بەر نەفرەت و بێزاری بیروڕای گشتی و پتر پەراوێز کەوتووە. لە ڕاپۆرتەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە بڕیاری «دادگای تاوانی نێودەوڵەتی» سەبارەت بە دەستگیرکردنی بنیامین ناتانیاهۆ، یۆئا گالانت و ئیسماعیل هەنیە و یەحیا سنوار، دەستکەوتێکی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز و ئەوپەڕی ڕیسوایی دەوڵەتی جینایەتکاری ئیسرائیلە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە ئەوە نیشان دەدات کە حەماس و جیهادی ئیسلامیش وەک دوو ڕەوتی بناژۆخواز و دواکەوتووی ئیسلامی، بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی دۆزی دادپەروەرانەی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین ناکەن.

ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، وێڕای ئیدانەکردنی جینایەتەکانی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستانی سوریا، جەختی لەوە کردەوە، لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیای پێی باشترە لە پشتیوانیکردنی خەڵکی ڕۆژئاوا، لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیمی بەشار ئەسەد بە فریوکاری و پیلانگێڕی هەوڵ دەدات بە هاوکاریی کردەیی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا ئەم بزووتنەوەیە شکست پێبهێنێت، لە وەها دۆخێکدا تاکە لایەنگر و پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا بریتییە لە خەڵکی خەباتکاری ناوچەکە و ئازادیخوازانی جیهان. پشتیوانی هەمەلایەنە بۆ خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کوردستانی سوریا بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، پێویستییەکی خێرا و هەنووکەییە

لە قسەوباس سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئێراندا، بەر لە هەر شتێک جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەلومەرجی گشتی لە ئێران بە جۆرێکە کە هاتنەئارای جۆرێک لە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی بەسەر ئێراندا، بووەتە شتێکی حەتمی. کۆماری ئیسلامی چیتر ناتوانێ بەو شێوازانەی ئێستای فریودان و سەرکوتکردن درێژە بە دەسەڵاتداریێتی بدات و بە هیچ ڕادەیەک بە وەهم و خۆشباوەڕی بەشێکی بەرین لە کۆمەڵانی خەڵکیش پشتبەستوو نییە. گرانی و بێکاری و هەڵاوسان و بارودۆخی مەینەتباری ئابوری، کاردی گەیاندووەتە سەر ئێسقان و پیاڵەی سەبری جەماوەری لێوڕێژ کردووە. بەجۆرێک کە ئەمڕۆ دۆخی ئابوری خەڵک لەگەڵ هیچ قۆناغێکی ژیانی ئەم ڕژیمە بەراورد نەکرێت. بەردەوامی ئەم دۆخە بۆ خەڵک چیتر تەحەمول ناکرێت. ڕژیم ناتوانێت هیچ چاکسازییەک لە ژیانی خەڵکدا بکات و لە هەمان کاتدا هەر پاشەکشەیەک بەرامبەر بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک، بە مەترسی بۆسەر درێژەی دەسەڵاتەکەی دەزانێت. پێگەی پشتیوانی ڕژیم لە نێو لایەنگرانی تا دوێنێی خۆیدا زۆر بەرتەسک بووەتەوە و بازنەی سەرەکی دەسەڵات بەهۆی بەدگومانی و نیگەرانی لە مانەوە، هەر ڕۆژەو بەشێک لە دەوروبەریەکانی خۆی پاکسازی دەکات یان لە بازنەی دەسەڵات دووریان دەخاتەوە. دوورخراوەکان، هەڵوێستێکی زارەکیی توندوتیژتریان لە دژی خامنەیی و نزیکەکانی، گرتووەتەبەر. لە ئاوا بارودۆخێکدا دوو ڕەوت هاوتەریب لەگەڵ یەکتر خەریکە پێکدێن

یەکەم: ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی پرۆسەی شۆڕش بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دووەم: ڕەوتێکی بۆرژوازی لیبراڵ کە دەیەوێت بەبێ پەنابردن بۆ شۆڕش، نیزامی سەرمایەداریی ئێران لە داوی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وەک ڕژیمێکی بۆرژوازی ناتەقلیدی ڕزگار بکات. ئەم دوو ڕەوتە هەردووکیان پێگەی کۆمەڵایەتی و هێز و پلان و ستراتیژ و ئامرازی تایبەت بە خۆیان هەیە

پێگەی کۆمەڵایەتی ڕەوتی یەکەم، بریتییە لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان، جەماوەری ئازادیخواز، ژن و لاوانی بێزار و وەگیان هاتوو لە دەست ئەم ڕژیمە. تەنها گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندیی خاوەنداریێتی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ئەو خۆش بژێوی و ئازادی و بەرابەرییەی کە خواست و ئامانجی کرێکاران و زۆربەی هەرەزۆری جەماوەرە، مسۆگەر بکات. ستراتیژی ئەم ڕەوتە پشتبەستووە بە هۆشیاری و خەبات و ڕێکخراوە و ڕێبەریی. گەشە و پەرەسەندنی ئەم ڕەوتە لە هەموو ئەم بوارانەدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت. ئاخێزی مانگی بەفرانباری ١٣٩٦، وەرچەرخانێکی گەورە و بنەڕەتی بوو لە هۆشیاری و ناسینی جەماوەری خەڵک سەبارەت بەم ڕژیمە. سندوقی دەنگدان و ئیمکانی چاکسازی ڕژیم و وەهمەکانی دیکە کەمڕەنگ بوونەوە، لە ئاخێزی خەزەڵوەری ١٣٩٨دا شاهیدی شێواز و فۆرمی هۆشیارانەتری تاکتیک و خۆڕێکخستنی جەماوەری بووین لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژیمدا. ساڵی ١٤٠١ لە شۆڕشی ژینادا، بەرنامەیەکی سەلمێنراو کە کورتکراوەکەی لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا بوو، بوو بە ویستێکی کۆمەڵایەتی. شۆڕشی ژینا لە بەردەوامیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا درێژەی پێدرا. شۆڕشی ژینا لە لایەکەوە گۆڕانکارییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا هێنایە ئاراوە و لە لایەکی دیکەشەوە، قەیرانەکانی ناو دەسەڵاتی قووڵتر کردووە.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

لە ئاکامی پێشکەوتنەکانی داهاتووی ئەم ڕەوتەدا، هێزە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا سەرهەڵدەدەن، چەپی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، کۆڕ و کۆمەڵ و حیزبە چەپەکان و هیتر دا، دێنە ناو مەیدانەکانی نەبەردێکی چارەنووسسازەوە، هاوسەنگی هێز هەنگاو بە هەنگاو بە قازانجی بەرەی خەڵک دەگۆڕێت و قەیرانەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی قووڵتر دەکاتەوە، هەموو ئەمانە سەرەنجام دەتوانێت شۆڕشێکی ڕزگارکەری بەخشی لێبکەوێتەوە، هێڵە گشتییەکانی ئەم ڕەوتە لە بەڵگەنامەی ستراتێژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەستنیشان کراون

بەڵام ئەم ڕەوتە تا گەیشتن بە دەرەنجام و ئامانجە کۆتاییەکانی، چەندە دەخایەنێت، بە وردی پێشبینی ناکرێت، بەڵام ڕەوتێکی هەبوو و حاشا هەڵنەگرە و هەر ئەم بوونە واقیعییەیە کە وایکردووە بەشێکی بەرینی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی و تەنانەت خودی ڕژیمی دەسەڵاتداریش بکەونەخۆ بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک. تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ڕژیمەوە هەیە، گوشار خستنەسەر ژنان لەپێناو پاراستنی دوایین پێگە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوسالاری، سیاسەتێکی ئاگایانەیە بۆ پاراستنی دوا سەنگەرەکانی خۆڕاگریی لە بەرامبەر شۆڕشی ڕزگاری بەخشی داهاتوو

ڕەوتی دووەم - ڕەوتی بۆرژوا- لیبراڵ یان نیولیبراڵ

ئامرازەکانی ئەم گۆڕانکارییە، بەر لە هەر شتێک لە ناوخۆی ڕژیمدا پێکهاتووە. بەدرێژایی چەندین ساڵ و بە تێپەڕبوونی زەمەن و لاوازبوون و لەکار کەوتوویی جیلی کۆن و بەساڵاچوو، نەوەیەکی گەنجتر سەری هەڵداوە کە نەک هەر خۆی بە پێوەندییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە نابەستێتەوە، بەڵکوو بیر لەو بەرژەوەندییە ماددی و سەروەت و سامانە دەکاتەوە کە دەستی پێی ڕادەکات. هەڵوەرین و پاکسازییە یەک لە دوای یەکەکان، لەوانە «ڕیفۆرمخوازان»ی ناوخۆی ڕژیم لەگەڵ نەوەیەکی گەنج لە بەرێوەبەرانی سپا و ئەرتەش لە پشتی پەردەوە و ئاغازادەکانی بەشدار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، ئامرازەکانی گۆڕانکاری ڕژیمیان لە ناوخۆیدا پێکهێناوە. ئەم ڕەوتە، بوونی واقیعی خۆی و کاریگەرییەکانی لە ڕەوتی سەرهەڵدانەکانی ناسراو بە بزووتنەوەی سەوزدا نیشاندا. دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا هیوای خۆیان لەسەر ئەم ڕەوتە هەڵچنیوە و بە ئاشکرا و بە نهێنی پشتیوانی لێ دەکەن. ئۆپۆزسیۆنەکانی سەر بە وڵاتانی ڕۆژئاواییش دڵیان بەم ڕەوتە خۆشکردووە و لە هەوڵی بەدەستهێنانی جێگە و پێگەیەکدان لەناو ئەو ڕەوتەدا

ڕاپۆرتەکە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی کوردستانیش، لەسەر بوونی وەرەی بەرزی خەباتکارانەی جەماوەری خەڵک جەختیکردەوە. کۆمەڵگای کوردستان لە بەرامبەر گوشار و هەڕەشە و زەخت زۆرەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەچۆکدا نەهاتووە. خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەیەکی مەدەنی و جەماوەریی بەردەوامە و هەڵسووڕاوانی ئەم بوارە، تادێت خاراوتر و بەئەزموون تر دەبن. چالاکی مەدەنیی لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆردا لە ئارادایە. دادخوازی بنەماڵەی گیانبەختکردووان، پێشەنگی بزووتنەوەی دادخوازییە لە ئێراندا، خۆڕێکخستن لە ئەنجومەنە کرێکارییەکان و مامۆستایان، خۆڕێکخستن بەمەبەستی بەرگریکردن لە ژینگە، خەبات لەپێناو پەرەپێدان بە پەروەردەی زمانی دایکی، چالاکیی هونەریی ڕێکخراو لە بوارەکانی مۆسیقا، شانۆ و ئەدەبیات و هیتر، لە زومرەی فۆرمەکانی تری خەباتی مەدەنی لە کوردستانن. بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەوە، بزووتنەوەی کوردستان یەکێکە لە بزووتنەوە پێشەنگە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و هەروەک چۆن چەخماخەی شۆڕشی ژینا لە کوردستانی شۆڕشگێڕەوە لێدرا و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، هەرئێستاش ڕۆڵی کۆمەڵگای کوردستان لە قووڵبوونەوە و بەرەوپێشبردنی شۆڕشی ژینا، لە فۆرم و شێوازە نوێیەکانی خەباتدا حاشا هەڵنەگرە

ڕاپۆرتەکە هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە لەو ڕووەوە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەیەکی حزبییە، بە شێوەیەکی سروشتی باشی و خراپی حیزب و لایەنە خاوەن بنکە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێست و سیاسەتەکانیان، کاریگەری لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە دادەنێن. بۆ نموونە پێویستە ئاماژە بە دوو جۆر لەو سیاسەتە زیانبارانە بکرێت: هەر سیاسەتێک کە زیان بە هاوپشتی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی هاوچارەنووسی خۆیان لە ئاستی ئێران بگەیەنێت، هەر سیاسەتێک کە پەرە بدات بە دووبەرەکی و نەفرەت و بێزاری نەتەوەیی بە تایبەت لەو ناوچانەی کە خەڵکی کورد و نەتەوەکانی تر لە کەناری یەکتردا دەژین، لەگەڵ ڕۆحی بزووتنەوەی عەدالەتخوازنە و پێشڕەوی خەڵکی کوردستان، ناتەبایە و پێویستە ڕەت بکرێتەوە و لەقاو بدرێت

ڕاپۆرتە سیاسییەکە لە درێژەدا، جگە لە ئەرکە ڕۆتینیەکان، لەسەر چەند بابەت لە ئەولەویەتەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغەی ئێستاشدا پێداگری کردەوە یەکەم، پشتیوانی و بەهێزکردن و بەشداریکردن لە خەباتە مەدەنییەکانی ئێستادا، دووەم، پتەوکردنی تەشکیلاتی حیزبی، سێیەم، پەرەپێدان بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، چوارەم، دابینکردنی پێداویستییە کردارییەکان بۆ بەردەوامیی کاری تشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە بزووتنەوە مەدەنییەکان، ڕاپۆرتەکە جەختی لەوە کردەوە کە کۆمەڵانی خەڵک تەنیا لە ڕێگەی خەباتێکی ئاشکرا و مەدەنی و جەماوەرییەوە دەتوانن هەم بارودۆخی ژیانی خۆیان باشتر بکەن و هەم پێداویستییەکانی پێشڕەوی خۆیان، بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی دابین بکەن. خەڵک بە هێزی خۆیان ڕزگار دەبن و هێزی ئەوان لە بزاڤە بەکۆمەڵەکانیان و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو توانایی و ئیمکاناتە بەردەستەکاندا دەردەکەوێت. نابێت خەڵک لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەو قارەمانەدا ڕابگیرێن کە گوایە سبەی ڕۆژ لەگەڵ هاتنی خۆیان، سەرکەوتنیان بۆ بەدیاری دەهێنن

ڕاپۆرتەکە لە بواری ڕێکخستنی حیزبیشدا، لەسەر پێویستی پێداچوونەوە بە سیاسەتی ڕێکخستنەکان و گونجاندنی داهێنەرانەی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا، جەختی کردۆتەوە. لەم بابەتەوە باسی ئەوە کرا کە پێویستە سەربەخۆیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو هەڵسووڕاوانەی کە بە شێوەیەکی ئاڵۆز لێک هەڵپێکراون، بە فەرمی بناسرێت. پرسی پەروەردەکردن و بارهێنانی کادر لە ناو ئەو تۆڕانەدا، پێویستە لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئینترنێتییەکانەوە ئەنجام بدرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا جەخت لەسەر ئەوەش کراوەتەوە کە ڕوونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆر و کردەییەکانی سیاسەتی ڕێکخستنەکان دەبێ لە ئەولەویەتی کارەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا بێت

ڕاپۆرتەکەی پلینۆم سەبارەت بە ڕێکخستنی جەماوەریش، جەختی لەوە کردەوە کە لە سالانی ڕابردوودا سەرەڕای بوونی دیکتاتۆری و سەرکوت، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە کوردستان لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆردا سەریان هەڵداوە. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا پێویستە پێشوازی لە پێکهاتنی هەر چەشنە ڕێکخراوێک بکرێت کە هێزی بەکۆمەڵ لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە ڕەوا و ئینسانییەکان و دابینکردنی پێداویستییە ڕەواکانی ئەندامەکانیدا بەکاربهێنێت. بەڵام ڕاپۆرتەکە وێڕای وەبیرهێنانەوەی فۆرمە ناسراو و تەقلیدییەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، ئاماژەی بە ئەزموونی پێکهاتنی جۆرێکیش لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا کرد کە بەکردەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە نیشاندانی سیمای پێشڕەوی بزووتنەوەی کوردستان. بۆ نموونە ئەو تۆڕانەی کە لە کاتی کارەساتەکانی وەک بوومەلەرزە و لافاو و کۆرۆنادا پێکهاتن و هێزی بەکۆمەڵیان لەپێناو کەمکردنەوەی ڕەنج و ئازارەکانی خەڵکدا ڕێکخستووە. ئەو تۆڕانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا بە هانای بریندارەکانەوە چوون و ئیمکاناتی چارەسەر و پرسی حەشاردانی ئەوانی لە چاوی دوژمن دابینکرد و تۆڕی دایکانی دادخواز و دایکانی ئاشتی و هتد

دوایین تەوەری ڕاپۆرتەکە لە بواری ئەولەویەتەکانمان لەم قۆناغەدا، بریتی بوو لە قسەوباس لەسەر دابینکردنی پێداویستییە کردەییەکانی بەردەوامیی کاری تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە لە کوردستان. ڕاپۆرتەکە لەم بابەتەوە جەختی لەوە کردەوە کە ئەولەویەتی ئێمە، بریتییە لە درێژەدان بە کار و حزووری سیاسی لە هەرێمی کوردستان. لەو چوارچێوەیەدا باس لەوە کرا کەئەگەر ئەم چالاکییانە لە وڵاتەکانی ئەورووپا و کانەدا و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی جیهان مومکینە، ئەم ئیمکان و پێویستییە لەم ناوچەیە بە هۆکاری جۆراوجۆر دوو هێندەیە. خەڵکی کوردستانی ئێران و عێراق، وەک دوو بەشی یەک نەتەوە، هاوچارەنووسن. لە سەرکەوتن و شکستەکانی یەکتردا هاوبەشن. پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو لە نێوان خەڵکانی هەردوو دیوی سنوورەکەدا بوونی هەیە. ساڵانە دەیان هەزار کرێکار لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کارکردن دێنە هەرێمی کوردستان. هەزاران کۆڵبەری زەحمەتکێش لە ڕێگای ئاڵوگۆڕ و هێنان و بردنی کاڵا لە نێوان هەردوو دیوی سنوورەکەدا، بژێوی ژیانیان دابین دەکەن. پێوەندییەکی سروشتی بەربڵاو لە نێوان هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی هەردوو بەشی کوردستاندا دروست بووە و تا ڕادەیەک جێکەوتووە. پلینۆم لەسەر ئەو بنەمایە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم سیاسەتە لە ڕێگەی وتووێژ و هەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی چارەسەری کردەییدا، پەیڕەو دەکات

بەشداری کارای هاوڕێیانی ئامادەبووی پلینۆم، باسەکانی ئەم ڕاپۆرتەی دەقیق و دەوڵەمەندتر کردەوە و هێڵە گشتییەکانی وەک ئاراستەی سیاسی ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا پەسەند کران


لە بەشی ڕاپۆرتی تەشکیلاتیدا، لایەنە جۆراوجۆرەکانی کار و چالاکیی تەشکیلاتی کۆمەڵە تاوتوێ کران و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکان دەستنیشان کران و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان خرانەڕوو. لەو ڕووەوە کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش لەم پلینۆمەدا بەشدار بوون، هەر لەو دانیشتنەدا، بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ ڕادەستکردن بە کۆنگرەی سێزدەهەم، باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا و پێشنیار و بڕیارنامە پێویستەکان سەبارەت بە ئامادەکاری کۆنگرە، پەسەند کران

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**١۴ی جۆزەردانی ١۴٠٣**
**۴ی ژوئێنی ٢٠٢۴**

******

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٥٠ - مانگی جۆزەردان ١٤٠٣- ژوئێنی ٢٠٢٤

# گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنێکی موهەندیسی کراو بۆ دانانی سەرۆک کۆمارێکی نوێ، لەڕێدایە



ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی جۆزەردان شۆڕای نیگەهبان ناوی ئەو کەسانەی ڕاگەیاند کە سەڵاحییەتەکەیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی پشتڕاست کراوەتەوە، کە بریتین لە: مەسعوود پزیشکیان، مستەفا پورمحەممەدی، یەکێک لەو کەسانەی کە ساڵی ١٣٦٧ لەگەڵ ڕەئیسی ئەندامی هەیئەتی مەرگ بووە؛ سەعید جەلیلی، عەلیڕەزا زەکانی، ئەمیرحوسێن قازیزادە و محەممەد باقر قالیباف. ئەوانەی کە سەڵاحییەتیان ڕەت کرایەوە، وەک ئەحمەدی نەژاد و لاریجانی، لە زومرەی کەسە نزیکەکانی پێشووی دەرباری خامنەیی بوون کە ماوەیەکە کەوتوونەتە بەر غەزەبی ناوبراو. بوونی مستەفا پورمحەممەدی لەناو لیستی کاندیدە پەسەندکراوەکاندا، چ دانرابێت یان نا، نیشانەی ئەوەیە کە ڕژیم دەیەوێت بەم شێوەیە پەیامێک بۆ خەڵکی ئێران بنێرێت و پێیان بڵێ کە ڕێبازی ڕەئیسی وەک جەلادی ٦٧، بەردەوام دەبێت. هیچ گومان لەوەدا نییە کە وەک هەمیشە شانۆی هەڵبژاردنێکی موهەندیسی کراو لەڕێدایە. ئەو کەسەش کە بڕیارە لە سندووقی دەنگدان بێتە دەرەوە، پێشتر دەستنیشان کراوە. هیچ نیگەرانییەکیش لەبابەت ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لەم نمایشەدا بوونی نییە، چونکە هەر بۆخۆیان دەیبڕن و هەر چۆنێکیش بیانەوێت بەباڵای نیزامەکەیان دەیدوورن. هەموو نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو شتەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا بە هەڵبژاردن ناودەبرێت، ئەمجارە لەگەڵ یەکێک لە بێوێنەترین و بەربڵاوترین بایکۆت لە ماوەی تەمەنی ٤٥ ساڵەی ئەم ڕژیمەدا بەرەوڕوو دەبێتەوە بەڵام ئەم شانۆی هەڵبژاردنە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە ڕژیم لە دۆخێکی زۆر دژواردا بەسەر دەبات. کۆماری ئیسلامی چیتر ناتوانێ بەو شێوازانەی تا ئێستای فریوکاری و سەرکوت، درێژە بە دەسەڵاتداریێتی خۆی بدات و بە هیچ ڕادەیەک لە وەهم و پشتیوانی جەماوەری بەربڵاوی خەڵکیش پشتبەستوو نییە. گرانی و بێکاری و هەڵاوسان و بارودۆخی مەینەتباری ئابووریی، کاردی گەیاندووەتە سەر ئێسقان و پیاڵەی سەبری جەماوەری لێوڕێژ کردووە. بەجۆرێک کە دۆخی ئابووری ئەمڕۆی خەڵک، لەگەڵ هیچ قۆناغێکی ژیانی ئەم دەسەڵاتە بەراورد ناکرێت. خەڵک چیتر ناتوانێ بەردەوامی ئەم دۆخە تەحەمول بکات. ڕژیم ناتوانێت هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەک لە ژیانی خەڵکدا پێکبهێنێت و لە هەمان کاتدا هەر پاشەکشەیەکیش بەرامبەر بە داخوازییەکانی خەڵک، بە مەترسی بۆسەر مانەوەی خۆی دەزانێت. پێگەی پشتیوانی ڕژیم لە نێو لایەنگرانیدا زۆر بەرتەسک بووەتەوە و بازنەی سەرەکی دەسەڵات، بەهۆی بەدگومانی و نیگەرانی لە مانەوە خۆی، هەر ڕۆژەو بەشێک لە نزیکترین کەسانی دەوروبەری خۆی پاکسازی دەکات یان لە بازنەی دەسەڵات دووریان دەخاتەوە. هەڵوێستی خەڵکی ناڕازی سەبارەت بەم شانۆگەرییەی هەڵبژاردنە، نەک هەر بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، بەڵکوو ئیدانە و شەرمەزارکردنی بەشداریکردنە لەم نمایشە گاڵتەجاڕانەدا. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا بەناوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بەڕێوە دەچێت، جگە لە بەیعەت لەگەڵ خامنەیی و پەیڕەویکردن لە ستراتێژی سپای پاسداران بۆ خزمەت بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی، هیچی تر نییە. بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، کۆماری ئیسلامی لە ڕیزی ڕژیمە ئیسلامییەکانی دیکەی ناوچەکە لەوانە داعش، تاڵیبان، حیزبوڵڵا و هیتر دایە، بەو جیاوازییەی کە ئەم ڕژیمە دەرفەتی زیاتری لەبەردەستدا بووە بۆ ئەوەی کە ژەهری خۆی بڕێژێتە ناو جەستەی ئەم کۆمەڵگایە و ناوچەکە بەگشتی و مەینەتی و نەهامەتییەکی زیاتری بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا سەپاندووە. پاڵپێوەنای ٧٠٪ی خەڵک بۆ ژێر هێڵی هەژاری، ئەویش لە وڵاتێکدا کە لەسەر دەریایەک لە سامانی سروشتی دانیشتووە، بێبەشکردنی هاوڵاتیان لە سەرەتاییترین ئازادی و مافی کۆمەڵایەتی، کوشتاری بەکۆمەڵ، ئەشکەنجە، ئێعدام و تیرۆر، سەپاندنی کۆنەپەرستانەترین یاسا و ڕێساکان بەسەر ژنان و ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا، دژایەتی لەگەڵ ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پەرەسەندنی کارەساتبارترین زیانە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکامی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریتی ڕژیمی ئیسلامییە

تایبەتمەندی ئەم نمایشی هەڵبژاردنە، بە بەراورد لەگەڵ نمایشەکانی پێشوو، ئەوەیە کە ئەمجارە ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن و نمایشی دێموکراسی و هتد، ئەولەویەتی ڕژیم نییە، کێشەی بەشداریکردن لە ڕێگای ئەو فێڵ و فریوکاریانەی کە بۆ هەمووان ئاشنان، چارەسەر و موهەندیسی دەکەن. بەڵکوو کێشەی ڕژیم ئەوەیە کە بتوانێت لە هەموو ئاستەکاندا خۆیان بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوە چارەنووسسازانە ئامادە بکەن کە چاوەڕێی دەکەن. کۆماری ئیسلامی ستراتیژێکی نوێی بۆ مانەوەی خۆی گرتۆتە بەر. ئەگەر لە ڕابردوودا وەهم و فریودان جێگەیەکی لەم ستراتێژەدا هەبوو، ئەمڕۆ ئیتر تەنیا پشتبەستووە بە ئامرازەکانی هەڕەشە و زاڵکردنی فەزای ترس و تۆقاندن و سەرکوت. بەڵام ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک دەرفەتی دەبێت ئەم ستراتێژە لە ڕەهەندە نوێیەکانیدا جێبەجێ بکات و ئەگەریش جێبەجێی کرد، تا چەند کاریگەری دەبێت، بێگومان لە ژێر پرسیاردایە. هەر وەک چۆن لەدوای کوشتاری بەفرانباری ٩٦ و ڕەزبەری ٩٨ نەیتوانی خەڵکی ناڕازی چاوترسێن بکات و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، سەری هەڵدا. لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا دەیان هەزار کەسی دەستگیر کرد و زیاتر لە ٦٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان هەزار کەسیش بریندار بوون. بەڵام سیاسەتی سەرکوت تەنانەت لەم ئاسەتەشدا نەیتوانی خەڵک لە خەبات لەپێناو گەیشتن بە دروشم و داواکارییەکانیان دڵسارد بکاتەوە. هەرئێستاش درێژەی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانە، لە خۆڕاگریی قارەمانانەی ژنان لە بەرامبەر حیجابی ئیجباری و مانگرتنی کرێکاران و خانەنشینان و هەروەها بزاڤی بوێرانەی دادخوازاندا دەبینین. ئەمڕۆ ڕژیم سەرکەوتنی خۆی لە بەڕێوەبردنی ئەم بەناو هەڵبژاردنە، لەوەدا دەبینێت کە ئەو پرۆسەیە بە هێمنی و بەبێ سەرئێشە تێپەڕ بکات. ئەگینا خەمی شکڵگرتنی ڕیزی دوور و درێژی لەبەردەم سندووقەکانی دەنگداندا نییە. سپاییەکان، بەسیجییەکان، ئەرتەش، بەشێک لە دەست و پێوەندەکانی سەر بە دام و دەزگاکانی ڕژیم و بنەماڵەکانیان، بەردەوام بۆ وەڕێخستنی نمایشێکی لانیکەمی، بەردەستن و ئەمجارە هەر ئەوەندە بەسە بۆیان کە لەگەڵ کێشەی «دەنگی من کوا»، بەرەوڕوو نەبنەوە. خەڵک دەنگ بە ڕژیمێکی گەندەڵ نادەن کە لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریتی خۆیدا زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێرانی خستووەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە و جگە لە بێبەشکردن و زەوتکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، ئەشکەنجە و کوشتار و تیرۆر، هیچی دیکە لە کارنامەیدا نییە

******

# به بایکۆتکردنی چالاکانه، هەڵبژاردنی موهەندیسی کراوی حکوومەت، بکەین به خاڵی لاوازی ڕژیم

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ( ڕاهی کارگەر )

## دەنگی ئێمە ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامییە

به «کەوتنەخوارەوەی» هەلیکۆپتەری ئیبراهیم ڕەئیسی و شاندەکەی یاوەری، هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماریی بۆ دیاریکردنی چواردەهەمین سەرۆککۆماری ڕژیم و پێشخزمەتی ڕێبەر، لە ٨ی پووشپەڕی ١٤٠٣دا بەڕێوە دەچێت. شۆڕای نیگەهبانی ژێر فەرمانی ڕێبەری ڕژیم، لیستی کاندیدە خوازراوەکانی بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتی بۆ «کێبڕکێ» و شانۆی گاڵتەجاڕانەی «هەڵبژاردن» دیاری کردووە. ڕێکخستنی کاندیدەکان بە جۆرێکە کە ویستی ڕێبەری ڕژیم بۆ دیاریکردنی پێشخزمەتێکی نوێ، بە تەواوی بەدی بێنێت. هەروەها دانانی «ڕیفۆرمخوازێک»ی بێ زیانی حکوومەتی، گوێڕایەڵ و ستایشکاریی ڕێبەریش، بە ئامانجی بەشداری هەرچی زیاتری بەرەی ئیسلاخواز و لایەنگەرەکانیان، ئەنجامدراوە کە بێ ئاکامیش نەبووە. کاردانەوەی ئەرێنی سەرجەم باڵە ناوخۆییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات، دەریدەخات کە هەموویان ترسیان لە بەهێزبوونی جەماوەر هەیە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی هێشتنەوەی دۆزەخێک بەناوی کۆماری ئیسلامی دەدەن. خەڵک بەپێی ئەزموون بەو ڕاستییە گەیشتوون کە ئومێدەوار بوون بە سندوقێکی دەنگدانی لەپێشدا موهەندیسی کراوی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، جگە لە درێژەی هەژاری و بێکاری و ڕۆژ ڕەشی، هیچی تر نییە. لە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کەشی سیاسی کۆمەڵگادا و لە سەر بەستێنی دەروونناسی جەماوەری خەڵک، وەڕێخستنی هەراوهوریا و جەنجاڵی هەڵبژاردنی ڕژیم، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. کۆمەڵگا هیچ گرنگییەکی بەم یارییە دووبارە و بێ ئاکامە نەداوە. تەنانەت کاردانەوەکان لەسەر ئاستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەوەندە کەم ڕەنگە کە بەرپرسانی حکوومەتی نیگەران کردووە
واقیعییەت ئەوەیە کە خەڵکی ئێران لە مێژە حکوومەتی ئیسلامی و سەرجەم باڵەکانی ناو ئەو ڕژیمەیان تێپەڕاندووە. ئەوان بیر لە سەردەمی دوای دارمانی ئەم نیزامە دۆزەخییە دەکەنەوە. سەردەمی دوو جەمسەریی درۆینە لە نێوان خراپ و خراپتردا کۆتایی هاتووە. خەڵک هەم ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت و هەم بناژۆخوازانیان ئەزموون کردووە. چەندین ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی گەورەیان بەمەبەستی ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی ناوەتە پشت سەر. دوایین نموونەی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و حکوومەت، لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و شێلگیر و بەردەوامی ژینادا بوو. ئەم ئاخێزە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە کۆمەڵگادا پێکهێناوە و ئاراستەکەیەکی نیشانداوە کە گەڕانەوەی




بەرەودوا، مەحاڵە. درێژەی شۆڕشی ڕوو لە قوڵبوونەوەی فەرهەنگی و پەرەسەندنی سیکۆلاریزمی فێمینیستی، دێموکراتیک و لە خوارەوە، بە جۆرێکە کە تەنانەت زۆرێک لە باوەڕدارانی ئایینیش، لە ڕاستی و دروستییەکەی تێگەیشتوون و بە شێوەیەکی لێبڕاوانە دیفاعی لێدەکەن و ئامادەن لەپێناویدا ڕەنج و ئازارەکانی زیندان قبووڵ بکەن
گەشە و قووڵبوونەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، تەنیا بوارەکانی ئازادی و سیکۆلاریزمی پێشکەوتنخوازانە لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو پەرەسەندنی بەردەوامی وبزووتنەوە داواکاریی- چینایەتیەکانیش قووڵایی و بەرفراوانبوونی ئەم ئاخێزەی پەرە پێداوە. خەباتی درەوشاوەی کرێکاران، مامۆستایان، دادخوازان، پەرستاران، خانەنشینان، جووتیاران و هتد، لەپێناو داواکارییە سنفییەکانیان و لێکهەڵپێکرانی بە داخوازییە گشتییەکانی ژنان، نەتەوەکان، لاوان و ستەمدیتووانی فەرهەنگی و مەزهەبییەوە، یەکێکە لە دەستکەوتەکانی ئێستای گەشە و پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە.
ئێستا بزووتنەوەی داواکاریی- چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بووەتە بەستێنێکی گونجاو بۆ لێکهەڵپێکرانی خەبات لەپێناو ئازادی و خەبات لە پێناو نان‌دا. ئێستا ئیتر خەبات بۆ یەکسانی مافی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکاندا، مافی هاوڵاتیبوون بۆ سەرجەم نەتەوەکان و خەباتی ئەوان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی خۆبەخشانە، لەگەڵ خەبات لەپێناو دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتگیر و دابینکردنی هەلومەرجی ژیانی شایستەی ئینسانی، بۆ هەمووان و ڕێکخستنەوەی ئابووری لەسەر بنەمای خواست و پێویستی هەموو جەماوەر، بەتایبەتی هەژاران و زەحمەتکێشان، بەیەکەوە گرێدراوە.
پرۆسەیەکی لەم شێوەیە بەبێ پشتبەستن بە ئازادییە سیاسییە بێ شەرت مەرجەکان و دێموکراسییەکی بەردەوام و لە خوارەوە، هیچ دەرئەنجامێکی نابێت. ئاسۆیەکی لەو شێوەیە، هەموو هێزە ڕەنگاوڕەنگەکانی بەرەی بۆرژوازی و سەرجەم بەرگریکارانی نیزامی سەرمایەداری بەڕیز کردووە و لە بەرامبەر شۆڕشی بەردەوام و ڕوو لە قووڵتربوونەوەی ژینادا ڕاگرتووە
ئێمە وەک داکۆکیکارانی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم لەسەر ئەو بڕوایەین کە هەوڵی دەسەڵات بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆرگانە حکوومەتیەکان، بە ئامانجی یەکخستنی هێزەکانیەتی، بەمەبەستی سەرکوتکردنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی جەماوەری. گەمەی گاڵتەجاڕانەی دیاریکردنی پێشخزمەتی داهاتووی وەلایەتی فەقی، جگە لە چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی جەماوەر و یەکدەست کردنی ڕیزەکانی خۆی، هیچ مەبەستێکی تری لەپشت نییە. خەڵکی ئێران بیر لە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەکەنەوە. لەپێناو ئەم گۆڕانکارییانەدا، یەکخستنی زۆرترین هێز بە گرتنەبەری تاکتیکە کەم هەزینە جەماوەرییەکان، سازماندان و خۆڕێکخستنی هەرچی زیاتر، لێک نزیکبوونەوە و یەکگرتویی و دیفاعی بەردەوام لە ویست داخوازی و دروشمی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان، پاڵپشتی و پاراستنی کادیر و ڕێبەرانی سروشتیی بزووتنەوەکە و هەروەها خەباتی هاوئاهەنگ بۆ ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، لە زومرەی گرنگترین ئەرکەکانی ئەم قۆناغەن. لە بەرامبەر هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ ڕێکخستنەوەی خۆی، پێویستە بزووتنەوەی جەماوەریش هەوڵی خۆڕێکخستن و یەکگرتووکردنی هەرچی زیاتری خەباتی خۆی بدات.
بە بایکۆتکردنی چالاکانەی شانۆی هەڵبژاردنی دەسەڵات، بە چۆڵکردنی شەقامەکان و بەتایبەتی ناوەندەکانی دەنگدان، دەکرێت بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ نیشان بدرێت کە خەڵک ڕێگەیەکی جیاوازتری هەڵبژاردووە. ئەمڕۆ ئێران بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخی کۆماری ئیسلامی و بەرنامە کارییە شکستخواردووەکانی لە هەموو بوارەکاندا، پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی، بە دەستی بەتوانای جەماوەر و بە تایبەت کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار زەحمەتکێش هەیە. با بە هەموو هێزمانەوە، وەڵامی ئەم پێویستییە بدەینەوە.
بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی حکوومەتیدا، واتە دەنگدان بە مانەوەی ئەم دەسەڵاتە جینایەتکار و سەرکوتگەرە.
با گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی موهەندیسی کراوی حکوومەت، بکەینە خاڵی لاوازی ڕژیم
بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
سەرکەوتوو بێ شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران
بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیز

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**شەممە ٢٦ی جۆزەردانی ١٤٠٣/ ١٥ی ژوئێنی ٢٠٢٤**

******

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزاده

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست بائش
بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# گرفت لە بێتوانایی سیستەمی سەرمایەدارییە، نەک کۆمەڵگەی بەساڵاچوو




بەپێی ساڵنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٥ی ژوئێن ڕۆژی جیهانی کاری وشیاریدەرانە سەبارەت بە پرسی بەساڵاچوون بوو. لە جیهانی سەرمایەدا کە کرێکاران زوو تووشی لەکار کەوتوویی دەبن، بەپێی پێناسەی بۆرژوازی بۆ تەمەن، وەک پیر یان بەساڵاچوو لەقەڵەم دەدرێت. ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، تا ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی بەساڵاچووان لە جیهانی گەشەسەندووی سەرمایەداریدا، لە ژمارەی گەنجەکان زیاتر دەبێت. ئەم گرفتە سەرنجی دەوڵەت و کابینەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەندێک جاریش هاوشێوەی چین و کۆریای باشوور، بودجەیەکی زۆریان لەپێناو ڕێگریکردن لەم پرۆسەیەدا خەرج کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی چارەسەرەکان لەگەڵ پێویستی سەرمایە بە کەڵەکەکردن و قازانجی زیاتردا نایەتەوە، پلانەکان شکستیان هێناوە. لە وڵاتێکی وەک ئیتالیا سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی و فاشیستی هەڕەشەئامێز گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی دانیشتوانی وڵاتەکە منداڵی زیاتریان ببێت. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی دیفاع لە مافی بەساڵاچووان، دەرکەوتووە کە ئەو جۆرە سیاسەتانە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوونەتەوە. فەکتەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن، دیاردەکانی هەژاری، نەخۆشی، سووکایەتی، پشتگوێخستن، توندوتیژی، چەوساندنەوە و هەڵاواردنی نێوان ژن و پیاو، پەرەی سەندووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە سەرمایەداران لە ماوەی سی و چند ساڵی ڕابردوودا، حەقدەستەکانیان لە یەک ئاستدا ڕاگرتووە یان دایانبەزاندووەو و بڕی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و بیمەییەکانیان کەمتر کردووەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوتە، سەعاتەکانی کار زیادی کردووە، ژنانی کرێکاری ناچار کردووە بە کاری بێ حەقدەست هێزی کاری سبەی ڕۆژ پەروەردە بکات و هۆکارەکانی دەرکردنی شەکەتی و ماندوویەتی پیاو، فەراهەم بکات. بنەماڵەیەکی لەم چەشنە کە بەکردەوە بۆیان دەرکەوتووە بەهۆی گران بوون و چوونە سەرەوەی هەزینەی پەروەردەکردنی منداڵ، بەرز بوونەوەی کرێی ماڵ، هەڵاوسان و هەروەها شەکەتی و ماندوویەتی سەرچاوەگرتوو لە کار و پێشێلکرانی مافە دێموکراتیکەکانیان، بەپێچەوانەی ویستی خۆیان، ناچارن بەر بە زۆربوونی منداڵەکانیان بگرن. خەملاندنەکان دەریدەخەن کە پەروەردەکردنی منداڵێک و گەیاندنی بە تەمەنی دەرچوونی لە زانکۆ، لە ئەمریکا ٤٠٠ هەزار دۆلار هەزینە هەڵدەگرێت. بەم هۆیەوە ٤٦٪ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە، کەمتر لە ویست و حەزی خۆیان منداڵیان دەبێت. ئەم ڕەوتەی ئێستای ئەمریکا، کەم تا زۆر بۆ هەموو وڵاتەکانی دیکەش ڕاستە. بۆ نموونە با چاوێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بکەین

دانیشتوانی ئێرانیش خەریکە پیر دەبن. بەپێی دوایین دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی، پێویستە بەساڵاچووان لە چ مافێک بەهرەمەند بن؟ ئەوان دەبێ مافی شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراک، جلوبەرگ و بیمە و چاودێری گونجاویان هەبێت و لە سەرچاوەیەکی داهاتی سەربەخۆ و پێویست بەهرەمەند بن. پێویستە ئەوان لە بەردەوام لەناو جەرگەی کۆمەڵگادا بوونیان هەبێ و لە کۆمەڵگا دانەبڕێن و بتوانن چالاکانە و بە کەڵک وەرگرتن لە مافی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕێکخراوبوون، لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگادا ڕۆڵ بگێڕن. پێویستە بەساڵاچووان مافی ئەوەیان هەبێت کە توانایی و پۆتانسێلەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا گەشە پێبدەن. بە چاوخشاندنێک بەسەر ژیانی خانەنشیناندا، وەک نموونە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ڕژیمی سەرمایەدار و گەندەڵ و دیکتاتۆری ئیسلامیدا، نەک هەر هیچکام لەو مافە سەرەتاییانە دابین نەکراون، بەڵکوو پێچەوانەکەی ڕوویداوە. بە قوڵبوونەوەی قەیرانە فرە ڕەهەندەکانی ڕژیم، بارودۆخی مووچە، بیمە، پێداویستییە بژێوی و پزیشکییەکانی زۆربەی هەرەزۆری خانەنشینان، کە بەشێکن لە چینی کرێکار، خراپتر بووە. مووچەی مانگانەی ئەوان بەشی خەرجی بەڕێچوونی هەفتەیەک ناکات. دەفتەرچەی بیمەکانیان بە هۆی گەندەڵییەوە، بایەخێکی ئەوتۆی نییە و هەروەها مافە سیاسییەکانیشیان پێشێل کراوە. ئەوان لە ساڵی ١٣٩٩وە تا ئێستا لە بری پشوودان و حەسانەوە، ناچار بوون هەموو هەفتەی ڕۆژێک بێنە سەر شەقامەکان و داوای مافە سیاسی و بژێوییەکانیان بکەن و هاوکات لەگەڵ هەموو جۆرە سەرکوتێکدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن

بارودۆخی ژنانی بەساڵاچوو لە کۆماری ئیسلامیدا، لە خانەنشینەکانیش، خراپترە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی کە لە ساڵی ١٣٩٩دا ئەنجامدراوە، زیاتر لە ٥٠٪ی ژنانی بەساڵاچوو لە ئێران، لە کەمترین ئیمکاناتی ئابووریی بێبەش بوون و بەتەواوی وابەستە بوون. ١٧٪یان هیچ چەشنە داهاتێکیان نەبووە و ٩١٪یان لەگەڵ بنەماڵەکانیاندا ژیاون. سیستەمێکی پشتیوانی لە کەسانی بەساڵاچوو بوونی نەبووە و ٧٠٪ی بەساڵاچووان، بیمەی تەواوکەریان نەبووە. ئێستا دۆخەکە لە هەموو ڕوویەکەوە لەوەش خراپترە. بەرپرسانی ڕژیم بە بەفەرمی ناسینی ئەو نەهامەتییە کۆمەڵایەتیانەی کە ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان کرا، هەوڵیان داوە کێشەی جیهانی پیربوونی دانیشتوان، بە پشتبەستن بە سیاسەتە دیکتاتۆرییەکان چارەسەر بکەن. ئەوان هەوڵیان داوە کە بە ئەمر و نەهی کردن، سنووردارکردن و هەڕەشە و ئەڵبەتە هاوکات بە پێدانی یارمەتییەکی کەمی دارایی و بژێوی وەک هاندرێک، جەماوەری ژنان ناچار بکەن کە منداڵیان ببێت. بەڵام سیاسەتەکانی سەرچاوەگرتوو لە نئولیبرالیزمی ئابووری و ستەم و سەرەڕۆیی لەڕادەبەدەر، بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم سیاسەتە کە شەخسی خامنەیی یەکێکە لە لایەنگرە سەرسەختەکانی، لەگەڵ خۆڕاگریی ڕەوای بنەماڵەکان و بەتایبەتی ژنان بەرەوڕوو ببێتەوە و تووشی شکستێکی سەرشۆڕانە ببێت. پیربوونی دانیشتوان لە سیستەمی سەرمایەداریدا، گرفتێکی جیهانییە. ماوەی چەند دەیەیە کە دەوڵەت و کابینەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەوڵیانداوە بە گرتنەبەری سیاسەت و ڕێوشوێنێکی بە ڕواڵەت گونجاو بەمەبەستی زۆرتر کردنی ڕێژەی دانیشتوان و منداڵبوون، بەر بە ڕەوتی پیربوونی دانیشتوان بگرن. بە قەولی خودی ئابووریناسە بۆرژوازییەکان، ئەم پرسە پێویستی بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن هەیە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت: کەمکردنەوەی بەرچاوی سەعاتەکانی کار، زیادکردنی مووچە و حەقدەستەکان و بەرزکردنەوەی توانایی کڕینی زۆرینەی کۆمەڵگا، باشترکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییە بیمەییەکان، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەمن و هەرزان و هەروەها باشترکردنی بارودۆخی پزیشکی بۆ سەرجەم دانیشتوان هەر لە منداڵانی ساواوە بگرە تا بەساڵاچووان، پێویستن بۆ ئەوەی دانیشتووانی کۆمەڵگە بە گەنجی بمێننەوە، بەڵام بەس نییە. بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بابەتانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، پێویستی بە سیستەمێک هەیە لە کۆمەڵگادا کە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی گەیشتوونەتە تەمەنێکی لاویی، بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خۆیان بناسن و لەسەر ئەو بنەمایە، بەشداربن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. ڕەوتی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی لە کۆمەڵگا بۆرژوازییەکاندا، ئەوە دەردەخات کە سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان، پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەیان گرتووەتەبەر. لە دونیای ئەمڕۆدا ئەوە دانیشتووان نین کە پیر و لەکار کەوتوون، بەڵکوو سیستەمی سەرمایەدارییە کە پیر و بێتوانا بووە و پێویستە جێگای خۆی بدات بە سیستمێکی جەماوەریی کە تێیدا بەرهەمهێنان لە خزمەت بژێو و خۆشگوزەرانی خەڵکدا بێت، نەک قازانج

******

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٥٠ - مانگی جۆزەردان ١٤٠٣- ژوئێنی ٢٠٢٤

## ئاڵوگۆڕی زیندانیان، یان سات و سەودای قێزەونی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سوئێد؟

ڕۆژی شەممە ١٥ی ژوئێنی ٢٠٢٤، سەرۆکوەزیری سوئێد، ئۆلف یالمار کریستێرسۆن (سەر بە حیزبی ڕاستڕەوی مۆدرات)، لە بەیانییەکدا هەواڵی ئازادکردنی حەمید نووری یاریدەدەری داواکاری گشتی زیندانی گەوهەردەشتی کە لە سوئێد بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کرابوو، ڕاگەیاند. ناوبراو لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاند کە «یۆهان فلۆدرۆس، هاووڵاتییەکی سوئێدی کە لە مانگی ئاوریلی ٢٠٢٢وە لە ئێران دەستبەسەر و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابوو، هەروەها سەعید عەزیزی، هاووڵاتییەکی خاوەن دوو ڕەگەزنامەی ئێرانی-سوئێدی کە مانگی نوامبری ٢٠٢٣ دەستبەسەر کرابوو، لە فڕۆکەدان و « بەرەو سوئێد دەگەڕێنەوە.» هاوکات حکوومەتی ئیسلامیش ڕایگەیاند کە «حەمید نووری ئازاد کراوە و تا چەند کاتژمێرێکی تر دەگاتەوە ئێران». دوای چەند کاتژمێرێک حەمید نووری گەیشتە فڕۆکەخانەی تاران و لە لایەن هاوکارە جینایەت پیشەکانییەوە بە تاجە گوڵینە پێشوازی لێکرا.

حەمید نووری لە کاتی کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧، کە تێیدا هەزاران زیندانی سیاسی و ئەقیدەتی، بە فەرمانی جینایەتکارانەی خومەینی و لە لایەن «کۆمیتەی مەرگ»وە لەسێدارە دران، بە ناوی خوازراوی «عەباسی»، یاریدەدەری داواکاری گشتی زیندانی گەوهەردەشت بوو. زیندانیانی ڕزگاربووی زیندانی گەوهەردەشت و بنەماڵە و کەس و کاری زیندانیانی ئێعدام کراو، شاهیدی ئەوەیان دا کە حەمید نووری لەو زیندانەی کە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی تێدا بەڕێوە چوو، یاریدەدەر و هاوکاری «ناسریان» بووە. حەمید نووری ڕۆژی شەممە ٩ی نوامبری ٢٠١٩، بە گەشتی تاران-ستۆکهۆڵم لە فڕۆکەخانەی «ئۆرلاندا» گەیشتە وڵاتی سوئێد. دادگای سوئێد فەرمانی دەستگیرکردنی کاتی بۆ نووری دەرکرد. ناوبراو لە ٩٠ جەلەسەی دادگادا بە ئامادەبوونی شایەتحاڵان و کەسوکاری گیانبەختکردووان و زیندانیانی سیاسی، بە کەڵک وەرگرتن لە پارێزەری بەرگری و هەیئەتی مونسفە، دادگایی کرا. سەرەنجام ڕۆژی ١٤ی ژوئیەی ٢٠٢٢، دادگای بەرایی ناوچەیی ستۆکهۆڵم، بەهۆی بەشداری حەمید نووری لە ئێعدامی بەربڵاوی نەیاران و زیندانیانی سیاسی لە زیندانی گەوهەردەشت لە ساڵی ١٣٦٧دا، سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ ناوبراو دەرکرد و دواتر دادگای پێداچوونەوەی سوئێدیش حوکمی ئەم جینایەتکارەی پشتڕاست کردەوە

ئازاد بوونی حەمید نووری، یاریدەدەری داواکاری گشتی پێشووی قەتڵگای گەوهەردەشت، لەناو سەرسوڕمان و بێباوەڕی بیروڕای گشتیدا، شەپۆلێک لە تووڕەیی و ناڕەزایەتی لەنێو ڕیزی چالاکوانانی سیاسی و ڕێکخراوە ئینساندۆست و مافی مرۆییەکانی سوئێد، بەتایبەت لەناو ئێرانییەکان و بنەماڵەی قوربانیانی دەستی ئەو جینایەتکارە و ڕژیمە پشتیوانەکەی، لێکەوتەوە. ئەم ناڕەزایەتیانە هاوکات دەوڵەتی ڕاستڕەوی سوئێد و شەخسی ئۆلاف کریستێرسۆن سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتەشی ئیدانە دەکرد. دەزگای دادوەری سوئێد بە حەق، بە تۆمەتی فەرمانی کۆمەڵکوژکردنی زیندانیانی سیاسی و جینایەت دژ بە مرۆڤایەتی، حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بەسەر حەمید نووریدا سەپاند. ئەم حوکمە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی دادخوازی و دژ بە جینایەت و ئینسان کوشتن، کە بە فیداکاری بەرچاوی ئێرانیانی ناڕازی، تێکۆشەر و زیان دیتووی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها پارێزەرانی بوێر، دادوەر و دادستانە مرۆڤدۆست و داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ، لە دادگاییکردنێکی درێژخایەن و پشووبڕدا لەگەڵ «دادیار»ی قاتڵ و کارکوشتەی کۆماری ئیسلامی، بەدیهات. بیروڕای گشتیی سوئێد و خەڵکی پێشکەوتنخوازی ئورووپا، جیهان و ئێران، ئەم دادگاییکردنەیان بە کردەیەکی بێوێنە لە ژیانی کۆماری ئیسلامیدا زانی و ستایشیان کرد. مەحکووم کردنی نووری، بە دروست لە بیروڕای گشتیدا وەک دادگاییکردنی حکوومەتی مرۆڤکوژ و ستەمکاری ئیسلامی دانرا و وەک یەکێک لە دادگاییکردنە درەوشاوەکانی سەدەی بیست و یەک لە دژی ڕژیمی جینایەتکاری دەسەڵاتدار لە ئێران، بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە و بە ئاسانی لەبیر ناچێت

بەڵام دەزگای کارگێڕی سوئێد و لە سەرووی ئەوەوە، سەرۆک وەزیری سەوداگەری ئەم وڵاتە، کە نوێنەری سەرمایەدارە گەورەکانە، بە بیانووی ئازادکردنی دوو هاووڵاتی بێ تاوانی سوئێدیی کە تاوانی ئەوان تەنیا سەفەرکردن بوو بۆ ئێران و بەبێ هیچ هۆکار و بەڵگەیەک، دەستبەسەر و بە بەمەبەستی وەرگرتنی باج لە دەوڵەتی سوئێد، زیندانی دەکرێت و یەکێک لەوان بە سیخوڕی تۆمەتبار دەکرێ و سزای ئێعدامی بەسەردا دەسەپێنرێت، لەگەڵ تاوانبارێک کە دەستی بە خوێنی دەیان و سەدان ئینسانی خەباتکار و ئازادیخواز سوور بووە و لە دادگایەکی بەناوبانگدا، بە ئامادەبوونی دادوەر و پارێزەر و هەیئەتی مونسفە و شایەتحاڵ و بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە، ناوی وەک سەوداگەرێکی قێزەون و پێشێلکاری یاسای دیێموکراتیکی ئەو وڵاتە، لە مێژوودا تۆمار دەکرێت. سەرۆک وەزیر و دەسەڵاتی جێبەجێکاری سوئێد، دادپەروەری و مرۆڤدۆستی ئەم وڵاتەیان کە بەرهەمی خەباتی دوورودرێژی چینی کرێکار و بەرەی چەپ و ئازادیخوازە، لەپێناو ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی سەرمایەداران و ئەو حیزب و چین و توێژەدا کە نوێنەرایەتی دەکات، لە بارەگای ڕژیمی تیرۆریست و مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیدا، قوربانی کرد. ئەڵبەتە ئەمە یەکەمجار نییە کە دەوڵەتێکی ئورووپایی لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامیدا بچێتە ناو سات و سەودایەکی ناڕەوای لەم چەشنە. ئازادکردنی حەمید نووری لە سوئێد دووەم حاڵەتە لە ماوەی ساڵێکدا کە وڵاتانی یەکێتی ئورووپا دوای ئازادکردنی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتکار-تیرۆریستی کۆماری، لە لایەن دەوڵەتی بلژیکەوە لە مانگی ژوئیەی ٢٠٢٣دا وەک دیاری باجگرتن، پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی مرۆڤکوژی ئێرانی دەکەن، کە بە کردەوە دەستی ڕژیمی ئیسلامی کراوەتر دەکەن بۆ تیرۆر و ڕفاندنی هاووڵاتیانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و باج سەندن لە ئورووپا و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران

پێشتریش دەوڵەتی ئەمریکا و ئاڵمان بە تەسلیم بوون لە ئاست بارمتەگرتنی کۆماری ئیسلامی، چەند تاوانبارێکیان کە لە دادگاکانی ئەو وڵاتانەدا دادگایی و سزا درابوون، لە بەرامبەر ئازادکردنی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەدا کە بە تۆمەتی بێبنەما بە بارمتە گیرابوون، ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد. کار گەیشتە ئاستێک کە تەنانەت دەوڵەتی ئینگلستان بۆ ئازادی نازەنین ساغری، بە فەرمی باجی نەغدی بە ڕژیمی ئێران دا. ملکەچ بوونی ئەم دەوڵەتانە و لەوانە دەوڵەتی سوئێد بە خواستی کۆماری ئیسلامی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندی ئەمڕۆ و سبەینێی خۆیاندا دەبینن و لەم ڕووەوە کەڵەوەکێشییەکانی تەحەمول دەکەن. بەرپرسانی یەکێتیی ئورووپا و دەوڵەتی ئەمریکا، زۆرجار ڕایانگەیاندووە کە ئامانجیان لە گوشار خستنە سەر ڕژیمی ئێران، گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە نییە، بەڵکوو گۆڕینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانییەتی. کەس دیمەنی قێزەونی بەکۆمەڵی ژنانی کابینەی دەوڵەتی سوئێدیان بە حیجابی ئیسلامییەوە لە حزووری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە تاران، فەرامۆش نەکردووە، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ژنانی بوێر و ئازادیخوازی ئێران، حیجابی ئیجبارییان لەسەر خۆیان لادەبرد و هەر لەو کاتەوە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، دەستی پێکردبوو. ئێستا ئیتر ئەرکی سەرشانی ئێرانییە ئازادیخوازەکان، هێزە پێشکەوتنخواز و سۆسیالیستەکان، بەرەی چەپ و لایەنگرانی عەداڵەت و دادپەروەری سوئێدە کە لە دژی ئەم کردەوە ناشەرعی، دژە ئینسانی و بێ ئەخلاقییەی دەوڵەتی ڕاستڕەوی سوئێد، لە سات و سەودا لەگەڵ ڕژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی و ئازادکردنی قاتڵێکی کە لە دادگای ئەم وڵاتە بە تاوانی جینایەت دژبە مرۆڤایەتی سزا درابوو، دەنگ و کرداری یەکگرتووانەی خۆیان ڕێکبخەن و بە شێوەیەکی هاوبەش و هاوهەنگاو، ناڕەزایەتی دەربڕن .

******

## بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، دڕکی چاوی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا



جینایەتەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دێموکرات هەروا بەردەوامە. ڕۆژی ١٨ی جۆزەردان، بەرپرسانی خۆجێیی کوردستانی سووریا (ڕۆژئاوا) ڕایانگەیاند، هێزی ئاسمانی تورکیا جارێکی دیکە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و تۆپخانە هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا. ئەرتەشی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ بەدواوە بە کەڵک وەرگرتن لە سەرقاڵبوونی میدیاکان و ڕای گشتی لەسەر هێرشی وەحشیانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، لە درێژەی هێرشەکانی پێشوویدا بە بەردەوامی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دێموکرات بۆردومان دەکات. لەم هێرشە وەحشیانەدا، وێستگەکانی کارەبا و سەرچاوەکانی گواستنەوەی وزە و پاڵاوگەکانی نەوت لەناوچوون. ئەوان چەندین جار نەخۆشخانە و نانەواخانە و سەرچاوە ئاوییەکانیان داوەتە بەر هێرشی ئاسمانی و تۆپخانەیی. ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشانە لەناوبردنی سیستمی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا و «هێزەکانی سوریای دێموکراتە» کە تیایدا ئۆرگانە سیاسی، دادوەری، پەروەردەیی، ئیداری و سەربازییەکانی ڕۆژئاوا، لەوانە یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) و یەپەژە (یەکینەکانی پاراستنی ژنان ) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. ئەرتەشی تورکیا جگە لە هێرشی ئاسمانی، هێزە بەکرێگیراوەکانیشی بۆ هێرشی زەمینی بەکارهێناوە، کە بەهۆی بەرخۆدانی بوێرانەی هێزە چەکدارەکانی ژنان و پیاوانی ناوچەکە بەرپەرچ دراوەتەوە. بەڵام سەرەڕای هێرشە تاوانکارییەکانی ئەرتەشی تورکیا، دامەزراوە دێموکراتیک و جەماوەرییەکانی هەڵبژێردراوی خەڵک، خزمەتگوزارییە گشتیەکانیان لە هیچ بوارێکدا ڕانەگرتووە. هاوکات هاوپشتییەکی بەربڵاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانییەکانی سەرچاوەگرتوو لە هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی تورکیا و هێزە بەکرێگیراوەکانی، پێکهاتووە. لە ئاوا دۆخێکدا مەراسیمی دەرچوونی ٢٥٠ خوێندکاری زانکۆی کۆبانی، لە یاریگای ئەم شارە بەڕێوەچوو کە هەزاران کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە تیایدا بەشدار بوون. بڕیار بوو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا و لە پێناو پاراستنی ئەمنییەتی دەنگدەران، بۆ ماوەیەکی کاتی دواخراوە

هاوکات لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی ڕۆژئاوا بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵک، هەوڵەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا بەمەبەستی یارمەتیدانی خەڵکی خەباتکاری ڕۆژئاوا بەردەوامە. لەم دواییانەدا لە بڕلین کەمپەینێکی نێونەتەوەیی بە ئامانجی دانانی پانێڵی خۆر، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ دامەزراوە گشتییەکان، نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و هتد، دەستیپێکردووە. شەرڤان بێری، پزیشک و ئەندامی دامەزرێنەری مانگی سووری کوردستان، کە تا ساڵی ٢٠٢١ بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوەیەش بوو، لە مەراسیمی دەستپێکردنی کەمپینەکەدا لە بڕلین ڕایگەیاند: لەژێر سێبەری شەڕی غەززەدا، تورکیا چەندین مانگە بە هێرشەکانی خۆی، تاوانی جەنگی ئەنجام دەدات، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگای «ڕۆژئاوا لەم بابەتەوە هیچ کارێک بکات». ناوبراو وتی کە هێرشەکان ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریای تا ڕادەیەکی زۆر پەکخستووە. سەدان گوند و کۆمەڵگەی جەماوەری بەهۆی هێرشەکانەوە، بەتەواوی لە دونیای دەرەوە دابڕاون و دانیشتوانەکەیان ناچارن بەبێ کارەبا و لە تاریکیدا بەسەر ببەن. مەدیکۆ ئینتەرناشناڵ کە ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستە و لە ئاڵمان چالاکی دەکات، پشتگیری خۆی لە کەمپەینی «هاوپشتی خۆر» ڕاگەیاندووە. هەروەها ئیبۆ محەممەد لە ڕێکخراوی «هەینییەکان بۆ داهاتوو» سەر بە لقی ئاڵمانیش، پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم کەمپەینە ڕاگەیاند و وتی: ئێمە قەرزاری خەڵکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریاین و دەبێت هاوکاریان بکەین. لە هەمان کاتدا بیرمەندانی بەناوبانگی جیهانی وەک نوام چۆمسکی، دەیڤید هارۆی لە ئەمریکا، ئایدا شبلی لە فەلەستین و ڕاژێندرا سینگ لە هیندستان و دەیان بیرمەندی دیکەی بەناوبانگی جیهانی، پشتیوانییان لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی و نیزامی کۆمۆنیی ڕۆژئاوا کردووە. دەوڵەتی تورکیا کە ناتوانێت بوونی هیچ ڕادەیەک لە دێموکراسی و ئازادی هەڵبژاردن لەم ناوچەیە تەحەمول بکات، بڕیاری لە ناوبردنی داوە، بەڵام خۆڕاگریی دانیشتوانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و پاڵپشتی ئینساندۆستان، سۆسیالیستەکان و سەرجەم ئازادیخوازان، بووەتە هۆی ئەوەی کە «هێزەکانی سوریای دێموکرات» ئەردۆغان و هێزە نیزامی و بەکرێگیراوەکانی، لەگەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو بکەنەوە

******

پێشڕەو
دەورەی دووهەم - ژمارە ٤٥٠ - مانگی جۆزەردان ١٤٠٣- ژوئێنی ٢٠٢٤


# کاری منداڵان برینێکی بەئازار لەسەر ویژدانی مرۆڤایەتیئیسلامی ناگات

١٢ی ژوئێن بەرامبەر بە ٢٢ی جۆزەردان، ڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی کاری منداڵان بوو. ئەم ڕۆژە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارەوە ناسێندرا. هیچ کات ئامارێکی ورد سەبارەت بە ژمارەی منداڵانی کار لە جیهان، لەبەردەستدا نەبووە. چونکە زۆربەی دەوڵەتەکان بە تایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکانی سەرمایەداری، ئامادە نین ئاماری واقیعی لەم بوارەدا بڵاو بکەنەوە. بەپێی ئامارەکانی یونیسێف، سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١٢دا نزیکەی ٢١٥ ملیۆن منداڵی تەمەن پێنج بۆ ١٧ ساڵ، بە حەقدەست یان بەبێ حەقدەست، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ کاتژمێر لە هەفتەدا کاریان پێکرابوو. لە ئێران ئامارەکانی حکوومەت باس لە نزیکەی ٣ میلیۆن منداڵی کار دەکەن. بەڵام ئامارە نافەرمییەکان ئەم ژمارەیە بە ٧ ملیۆن منداڵ مەزندە دەکەن. هەرچەند ئەم ئامارانە ناتوانن ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە مەزنە مرۆڤایەتییە بە تەواوی نیشان بدەن، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە تەنانەت بچووکترینی ئەم ژمارانەش، شەرمەزارییەکی ترە بۆ نیزامی سەرمایەداری و برینێکی پڕ ئازارە لەسەر ویژدانی مرۆڤایەتی. هەر چەشنە کارێکی پیشەیی، زیانبارە بۆ منداڵان، بەڵام هەندێکیان هاوکات مەترسیداریشن. لەو ٢١٥ ملیۆن منداڵی کارەی کە لە ئامارە نادروستەکانی یونیسێف دا هاتووە، ١١٥ ملیۆنیان خەریکی کاری مەترسیدارن. بوارەکانی کاری پیشەیی بۆ منداڵان، هێندەی بوارەکانی کاری بەتەمەنەکان بەربڵاوە و لە کاری ناوماڵ و کێڵگەوە بگرە تا کارکردن لە پیشەسازی و ناوەندەکانی بازرگانی و کانەکان و کاری خزمەتگوزاری، دەگرێتەوە. لە هەموو ئەو بوارانەدا منداڵان وەک کۆیلە بەکاردەهێنرێن. مەترسیدارترین حاڵەتەکان بریتین لە بەکارهێنانی منداڵان لە کاری نیزامی، تاوان یان گەشتیاری سێکسی. نوێترین کارە پیشەیی و چەوسێنەرەکان، لە بەشی پیشەسازییە دیجیتاڵییەکان، یارییە کۆمپیوتەرییەکان، فیلمی پۆرن و هەندێک لە بەرهەمە سینەماییەکاندا ئەنجام دەدرێت. ورد و درشتی خاوەن سەرمایەکان، لە دوکاندارەکانەوە بگرە تا شیرکەتە زەبەلاحەکان، لە کاری هەرزان و بێ سەرئێشەی کچان و کوڕان سوود وەردەگرن. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی جیهانی کار (ئای، ئێل، ئۆ)، ساڵانە ٢٢ هەزار منداڵ لە کاتی کارکردن بۆ چەوسێنەراندا، گیان لەدەست دەدەن

کاری منداڵان لە وڵاتە دواکەوتووەکانی سەرمایەداریدا زیاترە لەچاو ئەو وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازیانەی کە تیایاندا کرێکاران و جەماوەری پێشکەوتنخواز، تا ڕادەیەک مرۆڤایەتیان بەسەر سەرمایەدار و حکومەتەکانیاندا سەپاندووە. یەکێک لەو ناوچانەی کە منداڵانی کار لەگەڵ زۆرترین چەوسانەوە و بێ ڕێزی پێکردن بەرەوڕوون، فەلەستینی داگیرکراوە. ئەم منداڵانە ئێستا بەتایبەت لە غەززە، بەهۆی بۆردومان و تۆپباران و نەخۆشی و برسێتی لەڕادەبەدەر، لەگەڵ مەترسی مردن بەرەوڕوون. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک ئەمریکا، منداڵانی کار زۆرتر منداڵی ئەو کۆچبەر و کرێکارانەن کە هێشتا ئیقامە و مۆڵەتی کاری فەرمییان پێنەدراوە. ئاوارەبوون بەهۆی کارەساتی سروشتی و شەڕەکانیش، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زیادبوونی منداڵانی کار هەبووە. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە منداڵانی کار تیایدا لەگەڵ بارودۆخێکی کۆیلە ئاسا بەرەوڕوون. دۆخی نالەباری منداڵانی کار لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی، وەک کارەساتێکی لێهاتووە. لە ئێران زۆربەی ئەو منداڵانە، کە تەمەنیان لە نێوان پێنج بۆ پانزە ساڵدایە، منداڵی ئەو بنەماڵە کرێکاریی و زەحمەتکێشانەن کە بە هۆی هەژاری و بێکاریی دایک و باوکیانەوە و هەروەها بەمەبەستی یارمەتیدان بە بژێوی خۆیان و بنەماڵەکانیان، لە بری چوون بۆ قوتابخانە و فێربوونی زانست و بەهرەمەند بوون لە هەلومەرجێکی گونجاو بۆ گەشە و پشکوتنیان، کە مافی سروشتی هەموو منداڵێکە، ناچارن بچنە ژێرباری کاری سەخت و تاقەت پروکێن و نەمامی ژیانیان، لە ژێر باری ڕەنج و کاردا، بژاکێ. ئەوان ناچارن شەو و ڕۆژ لە کارگەکانی فەرشچینین و کارگە بچووکەکان کار بکەن یان لە مەیدان و شەقامی شارەکاندا، خەریکی گواستنەوەی کەلوپەل، خاوێنکردنەوەی شووشەی ئۆتۆمبێلەکان، فرۆشتنی جگەرە، دەستماڵ کاغەزی و بنێشت و هیتر بن، بۆ ئەوەی پاروە نانێک پەیدا بکەن و خۆیان لە برسێتی ڕزگار بکەن، یان تەنانەت لە نێو زبڵ و خاشاکەکاندا، بەدوای خۆراکدا بگەڕێن. منداڵانی کار کە کۆچبەرانی ئەفغانستانیش لەخۆدەگرن، لە زۆر کاری مەترسیداری وەک گەڕان بەناو زبڵدانەکاندا، لەلایەن مافیاکانی زبڵ و خاشاکەوە لە شارە گەورەکان بەکار دەهێنرێن منداڵانی گیرۆدەبووی ماددە هۆشبەرەکان، هاوسەرگیری منداڵان، منداڵ ئازاری، حیجابی ئیجباری بۆ کچانی کەم تەمەن، لەسێدارەدان و زیندانیکردنی ئەو دایک و باوکانەی کە خاوەنی منداڵی بچووک بوون و بێ سەرپەرشت کردنی منداڵەکانیان، سزای جەستەیی منداڵان لە قوتابخانەکان، ناچارکردنی منداڵان بۆ بەشداری لە مەراسیمە ئایینییەکان و منداڵانی بەسیجی و هتد، بەشێکی ترن لە قوربانیانی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی ئێران. کارکردن بژاردەیەکی ئاگایانەی منداڵانی کار نییە. ئەم منداڵانە، کە زۆربەیان بەهۆی هەژارییەوە، لە خوێندن و یاریکردن بێبەش دەبن، بە ناچاری دێنە ناو بازاڕی بێ ڕەحمی کار و بەهۆی پێویستی سەرمایە، لەگەڵ ئاوا چارەنووسێکی تاڵ بەرەوڕوو دەبنەوە. خاوەن سەرمایە و نوێنەرە سیاسییەکانیان، لە زۆرێک لە وڵاتەکان ئیمکاناتە دەوڵەتییەکانیان بۆ یارمەتیدان بە منداڵان کەمکردۆتەوە بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن بە حەقدەستێکی مەمرە و مەژی و بە بێدەنگی بچنە ژێرباری چەوساندنەوەیەکی وەحشیانەوە. کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەت ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی قەدەغەکردنی کاری منداڵانی قبوڵ کردووە، بەڵام قبوڵکردنی ئەم یاسایانە بۆ ڕژیمی ئێران، تەنیا لایەنی فۆرماڵ و نمایشی هەیە، ئەگینا بە کردەوە پشتگوێیان دەخات و هیچ گرنگی بەو ڕەخنانە نادات کە لەلایەن ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە بەرەوڕووی دەکرێتەوە. لەمڕووەوە پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی مافی منداڵانی کار، ئەم قوربانییە خامۆشانەی نیزامی سەرمایەداری، ڕێگەیەکی دیکە بگیرێتەبەر. ئەم ڕێگایەش هیچی تر نییە جگە لە یەکگرتوویی و خەبات لەدژی ئەو ڕژیمە و پەیوەندییە چەوسێنەر و ستەمکارانەی کە منداڵانی بێ دیفاعی ئەم کۆمەڵگایە، ئاوا بێبەزەییانە بەکاردەهێنێ و لە مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانی خۆیان بێبەشی کردوون

******

# لەناوبردنی بە ئەنقەستی ژینگەی کوردستان



گەرمای هاوین لەڕێدایە و مەترسی ئاگرکەوتنەوە هەموو ساڵێک هەڕەشە لە دارستانەکانی زاگرۆس دەکات. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا زۆرترین زیانی بە ژینگەی ئێران گەیانووە، بەڵام لە کوردستان، بە هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی، بە ئەنقەست خەریکی لەناوبردنی ژینگەی ئەم ناوچەیەیە. بۆ نموونە زۆربەی ئاگرکەوتنەوەکان بەهۆی بوونی هێزەکانی سپا لە ناوچە سنوورییەکان و تەقەی نابەرپرسانەی ئەوان ڕوودەدات. ڕەوتی وێرانبوونی ژینگە لە ئاکامی سیاسەتە دژە خەڵکییەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا دارستانەکانی ڕۆژئاوای ئێران لەخۆ ناگرێت. لە سەرانسەری ئێران ساڵانە ١٢٥ هەزار هێکتار دارستان لەناو دەچن. پێشبینی دەکرێت ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، لە ٥٠ ساڵی داهاتوودا هیچ ئاسەوارێک لە دارستانەکانی ئێران نامێنێت. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە کوردستان بەشێوەیەکی خێراتر ڕوودەدات. ئەم ڕژیمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، بە ئەنقەست و پێی پلان ویستوویەتی ژینگەی کوردستان لەناو ببات. سووتاندنی دارستانەکان بە بیانووی دابینکردنی ئەمنییەت بۆ هێزە سەرکوتگەرەکان، دروستکردنی بەنداوی ناکارناسانە، بیناسازی بە مەبەستی قازانج پەرستی یان سەربازی، فڕێدانی زبڵ و پاشماوەی ناتەندروستی شارەکان، چاندنی مین لە ناوچە سنوورییەکان، تۆپبارانکردنی ناوچە شاخاوی و لەوەڕگەکان، تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکان، دەرهێنانی بێ بەرنامەی کانگاکان، وشککردنی بەشێنەیی دەریاچەی ورمێ و زەریبار، وشککردنی تالاوەکان، گواستنەوەی پاشماوە ژەهراوییەکان بۆ دەرەوەی شارەکان و تەنانەت پیسکردنی ڕووبارەکان و ڕاکێشانی ڕێگای سەربازی بۆ سەر شاخ و گردەکان، تەنیا چەند نموونەیەکن لە هەوڵە بەردەوامەکانی حکوومەتی ئیسلامی بۆ تێکدان و لەناوبردنی ژینگەی کوردستان

بەپێی هەڵسەنگاندنی چالاکانی ژینگەپارێز، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی ٤ ملیۆن هێکتار لە کۆی نزیکەی دە ملیۆن هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوە و هۆکارگەلێکی دیکە لەناوچوون. نەبوونی وەبەرهێنان و نەڕەخساندنی هەلی کار لە کوردستان، بەکردەوە بووەتە هۆی مەترسی لەسەر ژینگە و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا جگە لە بڕینی دارەکان، هانی خەڵکی کوردستانی داوە بۆ ڕاوکردن و فرۆشتنی ئاژەڵ و باڵندە کێویەکانی وەک سمۆرە، ڕێوی، گورگ، ورچ، کەو و هیتر. ئاو کە گرینگترین پێویستی مرۆڤ و هەر بوونەوەرێکی زیندووی ترە، بەهۆی سیاسەتە داگیرکارییەکانی ڕژیم لە کوردستان، لەگەڵ قەیرانێکی جیددی بەرەوڕوو بووەتەوە و ئێستا نەبوون یان کەمبوونی ئاو لە یەکێک لە پڕئاوترین ناوچەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووەتە شتێکی ئاسایی و بەردەوام. نەبوونی تەکنەلۆژیای گونجاو بۆ سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی پاشماوەکان و پاککردنەوەی بەتەواوەتی ئاوەڕۆکان، دەبێتە هۆی پیسبوونی هەرچی زیاتری ئاو و خاک و هەروەها دروستبوونی مەترسی بۆسەر مرۆڤ و سەرجەم زیندەوەرانی دیکەی کوردستان. ڕژیم، جگە لە هەوڵی سیستماتیک بۆ تێکدانی ژینگەی کوردستان و پیسکردنی خاک و هەوا و ئاو، لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێز وەک دوژمن و مەترسییەک هەڵسوکەوتی کردووە و بە گرتن و ئەشکەنجە و زیندانیکردن و تەنانەت کوشتنیشیان، بزووتنەوەی دیفاع لە ژینگەی کوردستانی، لەگەڵ گرفت و مەترسی زیاتر بەرەوڕوو کردووەتەوە. لەناوبردنی ئەم سروشتە جوان و شوێنی حەوانەوەی سەدان جۆر ئاژەڵی دەگمەنە. لەبەر چاوی دام و دەزگا پان و بەرینە نیزامی و ئیدارییەکانی ڕژیم ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی کاریگەر بەمەبەستی ڕاگرتنی، بگیرێتەبەر. ئەوە تەنیا خەڵکی ناوچەکە بوون کە بە دەستی بەتاڵ و خستنە مەترسی گیانی خۆیان، تا ئەو جێگایەی کە توانیبێتیان دارستانەکانیان لە بڵێسەکانی ئاگر ڕزگار کردووە

هەڵسووڕاوانی مەدەنی لە کوردستان، بە درککردن بەو کارەساتەی کە بەمشێوەیە ژینگە لەناو دەبات و بەمەبەستی بەرگریکردن لە ژینگە، لەبەرامبەر ئەم وێرانکارییە دا دەست بەکار بوون. ئەم هەڵسووڕاوانە هەوڵیان داوە سەرنجی هەمووان بەرەولای ئەم پرسە گرنگە ڕابکێشن و بەش بەحاڵی خۆیان ڕۆڵیان هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی پێشڕەوانە لەم بوارەدا. پێکهاتنی دەیان ناوەند و ڕێکخراوی دیفاع لە ژینگە، دژایەتی لەگەڵ ڕاوکردن و بەرگریکردن لە مافی ئاژەڵان، دانانی خولی ڕاهێنان بەمەبەستی پێویستی پاراستنی ژینگە، چاندنی نەمام و ڕێگریکردن لە بڕینی دارستانەکان و تەنانەت هەوڵدان بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان بە دەستی بەتاڵ و بە کەمترین ئیمکانات، بووەتە کار و چالاکییەکی ڕۆتین و بەردەوام لە کوردستان. خاوێنکردنەوەی گوندەکان و گەڕەکەکانی شار لە زبڵ و پاشماوەکان لەلایەن جەماوەرێکی خۆبەخشەوە، هەندێک کرداری ڕەمزی دژ بە جگەرەکێشان و لەناوبردنی جگەرە و نێرگەلە لە شوێنە گشتییەکان، شکاندنی تفەنگ و قەفەزی ڕاوکردن و ئازادکردنی باڵندەکان، وەڕێخستنی کەمپەین لە دژی ڕاوکردن و توندوتیژی لەدژی ئاژەڵان، هاریکاری و هەوڵی بەکۆمەڵ بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان و هتد، وردە وردە بووەتە بووەتە فەرهەنگێکی جێکەوتوو لەم کۆمەڵگایەدا. ئەگەرچی ڕادە و ئاستی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەن بۆسەر ژینگەی کوردستان، گەلێک ئەولاتر لە بازنەی چالاکییەکانی ئەم گرووپانە و ئەم ئاستە لە هەوڵەکانە، بەڵام ئەم بزاڤە لە هەمان کاتدا، کۆمەک دەکات بە پەرەسەندنی فەرهەنگی پێشڕەو و ڕەفتاری بەرپرسیارانە بەرامبەر بە ژینگە. درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، مەترسییەکی جیددییە بۆ سەر ژینگە و ژیانێکی تەندروست بۆ خەڵکی کوردستان و سەرجەم دانیشتوانی ئێران

******

# ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەگوزەرێت، چارەنووسی چارەهەڵنەگری منداڵان



ڕۆژی جیهانی منداڵ، وەک ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە منداڵان دیاریکراوە. ئەم ڕۆژە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، لە بەرواری جیاوازدا ڕێزی لێ دەگیرێت. لە هەندێک لە وڵاتەکانی جیهان ١ی ژوئێن و لە هەندێک وڵاتی دیکەش ٢٠ی نوامبر وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان دیاریکراوە. کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٥٩دا، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منداڵانی پەسەند کرد و داوای لە دەوڵەتەکان کرد کە ڕۆژی ٢٠ی نوامبر وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان بە فەرمی بناسن. بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا لە ڕوانگەی ئێمەوە هەردوو ڕۆژەکە گرنگی و بایەخی کۆمەڵایەتی و جیهانی هەیە. ئەمساڵ ڕۆژی جیهانی منداڵان لە کاتێکدایە کە ئەرتەشی جینایەتکاری ئیسرائیل لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا، نزیکەی ١٥ هەزار منداڵی لە کەرتی غەززە کۆمەڵکوژ کردووە. هاوشێوەی ئەم جینایەتە ترسناکە لە مێژوودا بێ وێنەیە. ئەمە جینۆسایدێکی ئاشکرایە، کە لە بەر چاوی جیهان و بە چاوپۆشی کردنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەڕێوە دەچێت. لە ڕاستیدا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە نەک هەر ڕێز لە مافەکانی منداڵان ناگیرێت و منداڵان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە دەچەوسێنەوە و بە شێوەیەکی وەحشیانە بەکاردەهێنرێن، بەڵکوو لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا، گیانیان بۆتە ئامرازێک بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوژرانەی ڕەگەزیی و فاشیستیی

لە ئێرانیش لە سەردەمی «شۆڕشی ژینا»دا، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، زیاتر لە ٧٠ منداڵ و تازەلاوی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بە دەستی ئەم ڕژیمە جینایەتکارە کوژران. هەر لەو ماوەیەدا و لە کردەوەیەکی جینایەتکارانەدا بەمەبەستی چاوترسێن کردنی تازە لاوان و سەرجەم کۆمەڵگا، بە سەدان قوتابخانەی کچان بە گازی ژەهراوی هێرشیان کرایە سەر و هەزاران منداڵ ژەهراوی بوون. ئەم جینایەتە خۆفناکانە لە دۆخێکدا ڕوودەدەن کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، چەندین ملیۆن منداڵی بنەماڵە کرێکاری و کەم داهاتەکان لە خوێندن بێبەشن. ئەزیەت و ئازاری منداڵان بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت و هەرئێستاش لە زۆرێک لە قوتابخانەکاندا منداڵان سزای جەستەیی دەدرێن. هەتا ئێستاش زیندانەکانی ئەم ڕژیمە پڕن لە منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ و ئێران تاکە وڵاتی جیهانە کە تیایدا منداڵانی خوار ١٨ ساڵ تەمەن لە سێدارە دەدرێن. لە قوتابخانەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدار، مێشکی منداڵان پڕ دەکەن لە خوڕافات و بەپێی ڕەگەز، لێکیان جیا دەکەنەوە. ڕۆحی پیاوسالاری لە کوڕان و ڕۆحی ملکەچبوون و گوێڕایەڵبوون لە کچاندا بەهێز دەکەن. کچانی کەم تەمەن هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی چوون بۆ قوتابخانەوە دەبێت مەقنەعە لەسەر بکەن و لە کوڕانی هاوتەمەنی

خۆیان جیا ببنەوە. ئەوان فێری ئەوە دەکرێن کە پێوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ کوڕان کارێکی خراپە. هاوکات لەگەڵ حیجاب بەسەردادان و بێبەشبوونی کچان و کوڕان لە یاریکردن لەگەڵ یەکتر، خوێندن و بارهێنانی ئایینی دەست پێدەکات. کتێبەکانی دەرس، پڕن لەو فێرکاریانە و منداڵان لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە ناچار دەکرێن داب و نەریتە ئایینییەکان ئەنجام بدەن و بەشداری لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بکەن. بەمجۆرە ڕێگە نادەن کە منداڵان بە ئازادی و بەدەر لە چوارچێوەی بیروباوەڕ و خوڕافاتە ئایینییەکانیان، پەروەردە بکرێن، فێری زانست بن و بتوانن لە داهاتوودا بە ویستی خۆیان بیروباوەڕ و شێوازی ژیانیان دیاری بکەن. لە قوتابخانەکاندا «مەراسیمی تەکلیف» بۆ کچانی تەمەن ٩ ساڵان بەڕێوە دەبەن و هانی منداڵەکان دەدەن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن. ئاخووند و فەقێ و بەسیجی ڕەوانەی قوتابخانەکان دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆحی سیخوڕی لەناو منداڵاندا پەرە پێبدەن. لە قوتابخانەکاندا دەستە و گرووپی لەخۆدان و مەراسیمی تری ئایینی وەڕێدەخەن. منداڵێکی کە لە کۆمەڵگایەکی ئاوێتە بە خوڕافاتی ئایینی و دواکەوتوودا لەدایک ببێت، ئیمکان و دەرفەتی ئەوەی نابێت کە چێژ لە دنیای منداڵانەی خۆی ببینێ، بە شادی بژی و لە خوڕافات و بیروباوەڕی دواکەوتووانە پارێزراو بێت، دەبێتە خاوەن مەزاجێکی ناجێگیر و کردار و ڕەفتاری نائاسایی و ویست و

ئەگیزەی بۆ فێربوون، زۆر لاوازی دەبێت. ئەم جۆرە منداڵانە، بە شێوەیەکی سروشتی گەشە ناکەن، خولیا و ئاواتە شیرینەکانی منداڵییان نایەتە دی و ئاسەوار و کاریگەری کەموکوڕییەکانی سەردەمی منداڵی، تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە


خۆش بژێوی و ئەمنییەتی منداڵان، پێوەرێکی سەرەکییە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر حکوومەت و نیزامێکی سیاسی و حکوومەتی ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، نامرۆڤانەترین سیاسەتی سەبارەت بە منداڵان بەکارهێناوە. ناردنی منداڵان بۆ مەیدانەکانی مین لە شەڕی ئێران و عێراقدا، بەکارهێنانی منداڵانی سەرباز لە شەڕدا، کەڵکوەرگرتن لە منداڵان لە ڕێوڕسمەکانی ماتەمینی و بەخوێن نەخشاندنی جەستەیان بە قەممە و زنجیر و کەڵکوەرگرتن لە منداڵانی بەسیجی بۆ سەرکوتکردنی خەڵک، هەموو ئەمانە لە زومرەی ئەو جینایەتە لەبیرنەکراوانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی منداڵانە کە لە چەمکی جینایەت لەدژی مرۆڤایەتیدا دەگونجێن. هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ئەمن و دابینکردنی هەلومەرجێکی کە ڕێگە بە منداڵان بدات توانایی و پۆتانسێل و لێهاتووییەکانی خۆیان تاقیبکەنەوە، هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی کاری منداڵان، هەوڵدان بۆ قەدەغەکردن و نەهێشتنی سزای جەستەیی لەناو ماڵ و لە قوتابخانەکان، هەوڵدان بۆ دانانی کلاسی جیددی بەمەبەستی سەرلەنوێ بارهێنانەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەگەری هەیە تووشی هەڵەیەک ببن، هەوڵی جیددی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و بەتایبەتی لەسێدارەدانی منداڵان و لاوان، هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی چەکدارکردنی منداڵان لەژێر ناوی بەسیجی، هەوڵی جددی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە مافەکانی منداڵان، هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دیفاع لە مافەکانی منداڵان و هەوڵی جددی بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی ئایین لە پەروەردە و بارهێنان‌دا، ئەرکی بەردەوام و بێ پسانەوەی

کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەگوزەرێت، چارەنووسی چارەهەڵنەگری منداڵان نییە. ئەم دۆخە دەتوانرێت و دەبێ بگۆڕێت. بۆ گۆڕینی ئەو هەلومەرجە و ڕزگارکردنی منداڵانی ئەم کۆمەڵگایە لە چارەنووسێکی لەو شێوەیە، هیچ ڕێگایەکی تر بوونی نییە جگە لە یەکڕیزی و هاوخەباتی لە دژی ئەو ڕژیم و داب نەریت و پەیوەندییە کۆنەپەرستانەی کە منداڵانی ئێمەی ئاوا بێبەزەییانە، لە مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانی خۆیان بێبەش کردووە

******

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 450-June 2024
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## کار و چالاکی سیاسی و ڕێکارەکانی خۆپاراستن




### بەشی دووەم: «خەباتی مەدەنی لە بەرانبەر حیجابی زۆرەملیدا»

تاکە بڕگەیەکی یاسایی بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە بەبێ حیجاب لە شەقامەکان و لەبەردەم خەڵکدا دەردەکەون، تا ئێستاش هەمان تێبینییە لە ماددەی ٦٣٨ی یاسای سزادانی ئیسلامیدا هاتووە، واتە زیندانیکردن لە دە ڕۆژەوە بۆ دوو مانگ، یان جەریمە کردن لە دوو سەد هەزار تمەنەوە بۆ یەک ملیۆن تمەن، کە زیندانییەکەی جێبەجێ ناکرێ و لەسەریان فەرز کراوە کە بگۆڕدرێت بۆ سزایەکی بەدیل

دوو، هەرچەندە لە مادەی ٦٣٨ی یاسای سزادان، سزای ڕەچاونەکردنی حیجاب دە ڕۆژ تا دوو مانگ زیندان یان جەریمەی ماڵییە، بەڵام لە یاساکانی تاوانی ئێراندا جێبەجێکردنی حوکمی زیندانی کەمتر لە سێ مانگ قەدەغەیە و دەبێ بگۆڕدرێ بۆ سزایەکی بەدیل بەم شێوەیە؛ ماوەی چاودێری، خزمەتگوزاری گشتی بێبەرامبەر، جەریمە کردن و بێبەشکردن لە هەندێک مافی کۆمەڵایەتی

سێ، ئەو ژنانەی کە بەهۆی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرە ملیەوە وەک سزایەکی بەدیلی زیندان، خزمەتی گشتی بێبەرامبەریان بەسەردا دەسەپێندرێت دەبێت سزای بەدیل بە ڕەزامندی خۆیان بێت، واتە دادگا دەبێت باری کەسی و خوێندن و پێگەی کۆمەڵایەتییان لەبەرچاو بگرێت، سزادراوەکان بەبێ هیچ نیشان و ئاماژە یان جل و بەرگی تایبەت لە شوێنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان ئامادە دەبن. هەروەها بەرپرسان مافی ئەوەیان نییە کاروباری شەخسی و خصوصی خۆیان بەسەر کەسی سزادراودا بسەپێنن

چوار، ئەو ژنانەی کە لەلایەن بریکارەکانی حکومەتەوە بە تۆمەتی نەپۆشینی حیجابی زۆرەملێ دەستگیر دەکرێن، ناچار دەکرێن بە واژۆکردنی بەڵگەنامەی سوێندخواردن کە هیچ بەها و بنەمایەکی یاساییان نییە، ئاگادار بن کە پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی لەوانەیە ئەو سوێندخواردنانە بە شێوەیەک ئامادە بکات کە دانپێدانان بێت بە تاواندا و پاشان لە دادگا دژی تۆ بەکاری بهێنیت. ڕەنگە ڕاستترین هەڵوێست واژۆ نەکردنی نامەی پابەندبوون و بەرەنگاربوونەوەی ئەو سوێند خواردنە زۆرەملێیەی ئەفسەرەکان بێت

پێنج، هەرچەندە ئێمە زۆر باش دەزانین کە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی هێزە ئەمنییەکاندان مامەڵە لەگەڵ سکاڵای خەڵک لە دژی بەرپرسانیان ناکەن، بەڵام بۆ دادگا بردن وا دەکات هێزە سەرکوتگەرەکان هەست بە نادڵنیایی و ڕاڕایی بکەن لە کاتێداکە دەیانەوێت توندوتیژی بەکاربهێنن و خۆیان لە مەترسی دادگاییکردندا ببینن. جگە لە مافی بەهرەمەندبوون لە یاسا، دادگاییکردنی بەرپرسان مافی ئێمەیە وەک هاووڵاتییەک و مافی ئەوەمان هەیە سوود لە مافی شارۆمەندیمان وەربگرین

شەش، لە کاتی دەستگیرکردندا لەلایەن گەشتی ئیرشادەوە، ئەگەر مۆبایلەکەت یان هەر ئامێرێکی تریان لێوەرگرتیت، داوای پسوڵەیان لێ بکە و هەوڵبدە وردەکاری تەواوی مۆبایلەکە لە پسوڵەکەدا بنوسیت. ئەمە مافی یاسایی تۆیە و پابەندنەبوونی ئەفسەرەکان پێیەوە بە پێشێلکاری دادەنرێت

حەوت، ئەوەت لەبەرچاو بێت کە سزای ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ تاوانی تەعزیری پلە هەشتە و سزایەکی قورس لە قەڵەم نادرێت. بۆیە ئەگەر بە تۆمەتی لە سەر نەکردنی حیجابی زۆرەملێ دادگایی بکرێیت و سزا بدرێیت، ئەم بابەتە لەڕووی یاساییەوە نابێتە هۆی زەوتکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکانت، لەوانەش دامەزراندن لە دەزگاکانی حکومەتدا، هەروەها لە کاتی داواکردنی بەرگەی «سوئی پێشینە یان داوێن پاکیدا» ئەم جۆرە تاوانە دەرناکەوێت و هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لە سەر داهاتووی پیشەییت نابێت

******

دواستون

## لەسێدارەدان چاری ڕژیم ناکات

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماریی، ئاستی هەڕەشە و بانگهێشتکردن و دەستگیرکردنی هاووڵاتیانی ئاسایی و چالاکانی کۆمەڵایەتی و فشار لەسەر زیندانیانی سیاسی، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. لە هەمان کاتدا بەمەبەستی پێکهێنانی فەزای ترس و خۆف لە کۆمەڵگادا، هەر ڕۆژەو ژمارەیەک لە مەحکووم کراوانی دادگا ئاساییەکان، لەسێدارە دەدرێن

سزای لە سێدارەدان وەک جینایەتێکی ڕێکخراو، هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە، یەکێک بووە لە پایەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە، بەمەبەستی چاوترسێن کردنی جەماوەر. بەرپرسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە لەسێدارەدانی سزادراوانی دادگا ئاساییەکان، بەمەبەستی بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی لەسەر سەرچاوەی مەینەتی و دیاردە نائاساییە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگەی بڵندگۆ تەبلیغاتییەکانی خۆیانەوە، سزای لە سێدارەدان وەک ڕێگەیەک بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردانە و کاردانەوەی لێبڕاوانە لە بەرامبەر ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیانەدا پاساو دەکەن. ئەوان دەڵێن کە ئەگەر لەسێدارەدان نەبێت، تاوانبارانی کۆمەڵایەتی زیاتر هاندەدرێن و ئەمنییەتی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسییەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئەزموونی بابەتیی، لەو وڵاتانەی کە سزای لەسێدارەدانیان تێیاندا هەڵوەشاندۆتەوە و هەروەها بەپێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی شارەزایانی کاروباری کۆمەڵایەتی، هیچ ئامار و بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بوونی نییە کە نیشان بدات، لە ڕێگەی ئێعدامەوە دەتوانرێت بەر بە تاوان و دیاردە نائاساییەکان بگیردرێت. هەر ئەم لێکۆڵینەوانە دەریدەخەن، لەو کۆمەڵگایانەدا کە کەلێنی نێوان هەژاری و سەروەت قووڵتر دەبێتەوە، سیستەمی ئابووری دەبێتە هۆی هەژارتر بوونی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر و هاوکات کەڵەکەبوونی سەروەت و سامانێکی زۆر لەدەستی گرووپ و تاقێکی بچووکدا و هەژاری و بێبەشی کۆمەڵایەتی بەردەوام بەستێنی پەرەسەندنی تاوان و جینایەت دەخولقێنێت. لە ڕاستیدا ئەوە خودی نیزامی سەرمایەدارییە کە جۆر و بڕی ئەو تاوانە بەرهەم دەهێنێ و سەرلەنوێ بەرهەمی دەهێنێتەوە کە سزا لەخۆ دەگرێت. ئەزموونی مێژوویش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکان، لەو جێگایەی کە خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخواز، ڕادەیەک لە چاکسازی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی خۆش بژێوییان بەسەر دەوڵەتەکاندا سەپاندووە، جۆرەکانی تاوان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە. بەرپرسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەزانن، ئەو هەژاری و نەهامەتییە بێوێنەی کە بەسەر خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگایاندا سەپاندووە، بێکاریی لەڕادەبەدەر، سەپاندنی حەقدەستی چەند هێندە کەمتر لە هێڵی هەژاری بەسەر ئەو کرێکارانەدا کە خولقێنەرانی سەرجەم نیعمەت و خۆشگوزەرانییەکانی کۆمەڵگەن، وەدواخستن و پێنەدانی تەنانەت ئەو حەقدەستە کەمەش، وەڵام نەدانەوە بە ویست و داواکارییە ڕەواکانی خانەنشینان و هتد، جگە لە ڕاپەڕینی کۆمەڵانی برسی و وەگیان هاتووی کۆمەڵگە، هیچ دەرئەنجامێکی تری لێناکەوێتەوە. چڕبوونەوەی گوشارەکان و ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانە، نەک هەر نیشانەی هێز و توانایی ڕژیم نییە، بەڵکوو سەلمێنەری ئەوپەڕی داماویی و ترسی ئەو ڕژیمەیە لە پەرەسەندن و گەشەی خەبات و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان